

# هۆنراوەکانی مامۆستا علی گەلاوێژ "ئاگری"

پێشەکی:

به ناوی کوردستانی گەوره

روونکردنەوە: من چون برای د. عەلی گەلاوێژم، لەم پێشەکیه دا لە تاریف وشت دەگەڕیم ( کە لە راستی دا زۆر هەڵگری تاریفیشە)، چون بە هەمو پێوەرێک جوان نیە مرۆڤ وەسف و تاریفی کەسوکاری خۆی بکا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە باشترله خەڵکی دیکه لە مێژوی ژیانی ئاگا دارم، تەنیا وەک بەسەرهاتێکی ساکار، ئەم چەند دێڕه دەنوسم. هەڵسەنگاندن و فارس کوتەنی نقدی ژیان و ئاکار و کارەکانی، دادەنێم بۆ خۆشەویستانێک کە باشیان دەناسی و خزم و کەسوکاریشی نین. لە لایەکی دیکەشەوە چون کاکم پیاوێکی رامیاری بوە، بەمەش ئاماژە دەکەم، چون من قەت لە ژیانم دا، سەربە هیچ حیزب و رێکخراوەیەکی رامیاری نەبووم و وەک کوردێکی سەربەخۆ کاری فەرهەنگی کوردیم ئەنجام داوە، ئەم نووسراوەیە، پێویستە وەک نووسراوەی برایەک سەبارەت بە برایەکی زۆر زۆر خۆشەویستی خۆی یا پێنووسەوانێکی بەپرسی کورد، سەبارەت بە هۆنەرێکی کورد چاوی لێ بکرێ، کە لە زوربەی هۆنراوەکانی دا، وا لەم کتێبە و لە جێگەگەلی دیکە دا دەیانخوێننەوە، هەستی دڵسۆزی خۆی بۆ دۆزی کورد، وەرگرتنی مافی مرۆڤ بە گشتی ومافی گەلی کورد بە تایبەت، دەربڕیوە.

نەمر دوکتور عەلی گەلاوێژ( ئاگری )، وەک بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی، لە ئێوارەی رۆژی یەکەمی مانگی رەشەممەی 1301 هەتاوی بەرانبەر لەگەڵ 20 فوریە 1923 ی زاینی، لە ئاوایی ساروقامیشی سەر چۆمی جەغەتو، لە ناوچەی بۆکان هاتوتە

دنیاوە و ساڵی 1367 ی هەتاوی، بەرانبەر لەگەڵ 1988 ی زاینی، لە بەندیخانەی ئەوینی تاران، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە بەندیانی دیکە، بە سووچی رامیاری لە سێ دارە دراوە.

دایکی نەمر عەلی گەلاوێژ، ئامینە خانم، نەوە (کوڕەزا)ی فەیزوڵلا بەگ ( سەرۆکی هۆزی فەیزوڵڵابەگی) و خوشکەزای نەمر سەردار سەیفەددین خانی ئەردەڵان حاکمی سەقز بوە، کە تورکانی عوسمانی بە سووچی مافخوازی و داکۆکی لە خەڵکی سەقز، لە سێدارەیان داوە. باوکی عەلی گەلاوێژ، برایم سەلاحە، کە فەرماندەی هێزی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان لە مەهاباد بوە و دەچێتەوە سەر بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی موکریان و بوداق سوڵتان، کە سەرۆکی ناوچەی موکریان بوە.

دوکتور عەلی گەلاوێژ، یەکێک لەو هەوەڵین کوردانە بوە، کە ساڵێ 1319 ێ هەتاوی لە قوتابخانەی نێوەندی"فیردەوسی" تەورێز، بڕوانامەی قوتابخانەی نێوەندی (دیپلۆم) ی وەرگرتوە، چون ئەو کاتە لە کوردستان، بەو چەشنە قوتابخەنە بە شێوەی ئەمڕۆ دەست نەکەوتوە، بە دەگمان خەڵک دیپلۆمیان بوە. عەلی گەلاوێژ(ئاگری)، لە سەردەمی کۆمار دا لە مەهاباد، پللەی کاپیتانی پێ دەدرێ و پاش بەینێک لە ساڵی 1325 ی هەتاوی دا، لەگەڵ نزیکەی 60 نەفەر کوڕە خوێندکاری دیکەی کورد، لە لایەن دەستەڵاتی کۆماری کۆردستانەوە، دەنێرری بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، بۆ وانە خوێندن. هەر وەک دەزانین، کۆمار پاش نزیکەی یازدە مانگ تێک دەچێ و زۆر لەو خوێندکارانە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام د. گەلاوێژ و چەند کەسێک لەوێ دەمێننەوە، درێژە بە خوێندن دەدەن و زوربەیان بڕوا نامەی دوکتورا وەردەگرن، بۆ وێنە: دوکتور رەحیم سەیفی قازی، دوکتور عەزیز شەمزینی، دوکتور حەسەن حیسامی، دوکتور حەسەن گەرمیانی، دوکتور کەریم ئەییوبیان و....

د. گەلاوێژ، هەر لەهەوەڵەوە زۆر هۆگری کوردایەتی و زمانی کوردی بو، هەر لە بەر ئەمە، لە دەرەوەی وڵات بو بەوێژەری رادیۆیەک- کە تەواو نازانم لە کوێوە بەرنامەکانی بڵاو دەبوەوە-، بەڵام ئەو یەکێک لە وێژەرانی زمانی کوردی، فارسی وتورکی ئەم ئێزگەیە بو، کە دژی دەستەڵاتی شای ئێران قسەی دەکرد و بە داکۆکی و پشتیوانی لە دو کۆماری تێکچوی کوردستان و ئازربایجان، بەڵام هێندە جوان قسەی دەکرد و نەش دەکرا ناوی خۆی بڵی، کە خەڵک زۆرتر بە ناوی " کوردە فەسیحەکە" دەیان ناسی.

لە پاش بەینێک بو بە وێژەری رادیۆی پەیکی ئێران و بۆ ماوەیەکی زۆر، لەوێوە دژ بە رێژیمی شا بەرنامەی بە زمانگەلی کوردی، فارسی و تورکی بڵاو دەکردەوە. نازانم ئەو ئێزگەیە لە کوێ بو، بەڵام بۆ خۆی زۆرتر ماڵی لە شاری لایپتزیگی ئەلمانی رۆژهەڵاتی بو. هەر لەبەر ئەمە، بە بێ ئەوەی خۆی لە ئێران بێ، حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاندبو و هەتا تێک چوونی رێژیمی پادشایەتی، یانی ساڵی 1358 ی هەتاوی، نە هاتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

د. عەلی گەلاوێژ چەند دانە کتێبی دیکەشی بڵاو بوەتەوە، بۆ وێنە:

1- تێزی زانستگەی، بە ناوی" چاکسازی کشت و کاڵی، لە کوردستانی ئێرانی ئێستا دا" بە زمانی رووسی.

2- کتێبۆکی زوحەیەتەین، کە هۆنراوەیە، بە زمانی کوردی.

3- ورگێڕراوی مێژوی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت، بە هاو کاری دو کەسی دی؟، بە زمانی فارسی.

4- تێک رمانی باوی هۆزایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە زمانی فارسی.

5- ئەم هۆنراوانەش، کە لەم کتێبە دا بڵاو بوونەتەوە

6- رەنگە چاپکراوی دیکەشی ببێ، بەڵام من نەمدیون؟.

عەلی گەلاوێژ جگە لە زمانی زگماکی کوردی، ئەم زمانگەلەشی زۆر چاک دەزانی: فارسی، رووسی، فەڕانسە، ئەلمانی، لەگەڵ ئینگلیسیش تا رادەیەک ئاشنا بو.

ئیستا دو منداڵی هەیە، بە ناوی کەژاڵ و ئازاد. کەژاڵ پزیشکی دڵە، ئازادیش دوکتورای زانستی ئابووری هەیە. خێزانیشی کە ناوی سێویل خانم بو، لە غەم و پەژارەی لەدەست دانی د. عەلی گەلاوێژ (کاکم )، سەکتەی کرد وپاش ئەوەی چەند ساڵ لەسەرجێ بو، مرد.

د. عەلی گەلاوێژبرای دایک و باوکی من بو، بەڵام زۆر وا هەڵکەوتوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دو برا، کاتێک بۆ هەوەڵ جار دەستەڵات ناسنامەی داوە، دو ناوی ناسناوی جوێیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە.

هەڵدەگەڕێ کتێبێک لەسەرژیانی عەلی گەلاوێژ بنووسری - هەر وەک لەسەر هاوڕێ و هاو بیری زۆر نزیکی ماموەستا حەسەن قزڵجی نووسراوە. ماموەستا قزڵجیش بە ڕاستی یەکێک لە گەورە مرۆڤگەلی کورد بو، هەم بۆ زانایی، هەم بۆ هەستی مرۆڤایەتی و هەم بۆ کورد خۆشەویستی و دڵسۆزی. دەڵێن وەک نەریتێک، هەمیشە ناوی ماموەستایان هێمن و هەژار بە یەکەوە دێ، ناوی قزڵجی و گەلاوێژیش هەر وایە، بۆیە من لێرەدا، یادێکم لەو پیاوە هەرە مەزنە، یانی ماموەستا قزڵجیش کردەوە.

ح.س.سۆران

soransa@hotmail.com

تاران – 2709/5/11 ی کوردی

# بۆ ڕێگای خەبات

ئەرێ پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی          سەرپاک کوردستان چاوی لە تۆیە
ئەم خاکە دیلە و گەلی هەژاری          هومێد و هیوای هەموی بە تۆیە
ئەم خاکە یەک ڕۆژ بێ شورش نەبو          کورد نوێژی چووبێ، شۆڕشی نەچو
ئەرێ پێشمەرگەی کوردستانەکەم          حەقسێنی گەلە بێ تاوانەکەم
خەباتت پیرۆز، خۆت سەرکەوتو بی          لە ناو گەلانا، هەر سپی ڕو بی
دەسا هەربۆ پێش- بۆ ڕێگای خەبات،          بۆ ڕێگای ژیان- بۆ ڕێگای نەجات

1963، لایپتزیگ، ئەلمان

# هیوای دوارۆژ

ئەمڕۆ لە کتێبخانە ڤلادیمیر. ئیلیچ لێنین لە شاری مەسکەو، خەریکی خوێندەوەی کاتالۆگی دەست خەتی فارسی مووزەی بڕیتانیا بووم، کە کاتی خۆی بە هۆی (Rieu Ch.) تەنزیم کراوە. لەوێ دا تووش هێندە شێعرێکی کوردی لە بارەی " بارام و گوڵ ئەندام " و " خوسرە و شیرین " و هی دیکە بە راوێژی گۆرانی بووم. بێ ئەوەی بمەوێ و خۆم ئاگام لێ بێ، فرمێسک بە چاوم دا هاتە خوارێ. خەیاڵات بۆ جێگەی دووری بردم. وەبیرم کەوتەوە پاش مانگ و نیوێکی کە، دروست پەنجا ساڵ لە عومرم تێ دەپەڕێ و بەڵام من هێشتا هەر لە غوربەتم و هیچم بۆ نیشتمانەکەم نەکردوە. هەر لە پشت مێزی کتێبخانەکە، دەستم بە نووسینی ئەم شێعرە کرد. هیوا دارام لە پاشە رۆژ دا، مێژو دروست قەزاوەتی لە سەر بکا ت.   ع. گەلاوێژ:

**لە دەورم کۆ ئەبن خوشک و برازا** — **بە خاڵە-خاڵە، یا خۆ مامە- مامە**

**لە ملیان لا ئەچێ کۆتی ئەسیری** — **بە فیشاڵی مەزانن، ئەم کەلامە**

**لە خوێندنیان ئەنێم بە زمانی کوردی** — **کە زگماکی زمانی عەقڵ و فامە**

**ئەبێ بێستوون بە جەولانگاهی شیرین** — **ئەکا فەرهادی کێوبڕ ئەم مەڕامە**

**لەوێ کێ پیر ئەبێ و کێیە کە بمرێ؟** — **سەری خەرمان ونوخشەی خاس و عامە**

**سەماکەن دۆست و هاوپەیمانی کۆنە** — **بە دەنگی " تەیرەکە" و " شیرین هەلامە"**

1973/1/8

کورتە ناسنامە:

ئەمن رۆژی 1ی حەوت[ئیسفەند] ی 1301 ی هیجری شەمسی

بەرامبەر 3ی رەجەبی 1341 ی هیجری قەمەری

بەرامبەر20 ی فوریەی 1923 ی میلادی

کاتی ئێوارە لای مەلابانگدان، لەدێی ساروقامیش، هەڵکەوت لە 30 کیلۆمێتری رۆژهەڵاتی شاری بۆکان، کە لە قەراغی چۆمی جەغەتوە، لە دایک بووم.

ع. گەلاوێژ، مەسکەو.

تێبینی: ئەو دەقەی سەرەوە بە خەتی خودی د. عەلی گەلاوێژ لە سەر فایلی پی دی اف هەیە.

# بەرگی نوێ

لە زەبری هیجر و تەئسیری جیایی،

قسەم هێندە هەیە قەت نایە دوایی،

ئەمن دەروێشی وێڵی ڕۆژگارم،

لە هیچ شارێ نیە، ساتێ قەرارم،

بەڵێ من خاوەنی مەولا و پیرم:

وەتەن مەولامە، خەڵکیش دەستگیرم.

لە کونجی خانەقای دنیای دەروونی،

دەکێشم ڕەنج و دەردی شەونخوونی.

دەخوێنم زکری ئازاد و دەڵێم " هو"،

دەسووتێم و دەفەوتێم چەشنی پوشو،

**دەبا، بە ورینگەکەم، بای نامرادی،**

**جهان نامێنێ ناوی من لە یادی،**

بەڵام یاران دەپاڕێمەوە لە بەرتان:

کە بەرگی دەوری نوێتان کردە بەرتان،

بپارێزن لە چڵک ئەم بەرگە تا سەر،

مەهێڵن، با کڵاو لا با لەسەر سەر،

**لە ڕێی ئەم بەرگە دا زۆر کەس تیا چو،**

**هەزاری وەک منی بۆ بو بە پوشو،**

مەبارەک بێ کڵاو و بەرگی نوێتان،

ئەوەی بەدخواهە با بدڕێ لە سوێتان.

تاراوگەی  لایپتزیگ، ئەلمان – 1961. عەلی گەلاوێژ ( ئاگری )

## زستانی کوردستان:

زستان دەرگەی بە كۆڵەو گرت،

ئاسۆكان داپۆشراون،

بە مافوورەی سپی بەفرین،

عەرز و عاسمان جەڕی داوە .

***

بوەتە مراواری سەهۆڵین،

لەچاوی فەلەكا ئەسرین،

لە دەشتا مژ و خومارە،

كڕێوەی بە كرژی دای داوە .

***

بە زەبری تیغی زمهەریر،

جەرگی هەرەس شەق كراوە .

***

دو پاڵەوانی كۆڵنەدەر،

یەكێك بەفر و یەكێك زریان،

ملیان لەبەر مل یەک ناوە .

***

لە ژێر سمی ئەسپەكانیان،

تۆزی زێوین بەرز ئەبێتەو،

بەم تۆزە گەردون غەملاوە.

***

خۆریش لە بن میچی عاسمان،

وەک مەتاڵێکی زێڕین بێ و

لە دەست پاڵەوان دەرچووبێ،

بە عاسمانەو راوەستاوە .

***

بە گەردی مەیدانی خەبات،

رووالەتی داپۆشراوە،

زستان و دنیا بەفرینە،

عەرز و عاسمان جەڕیان داوە .

***

" قەندیل" بوەتە قوڵڵەی هێلکە و

" بێخاڵ"، خاڵی لێ بڕاوە.

" هەیبەت سوڵتان "، شای کێوەکان،

تاجی بەفری لەسەر ناوە.

## کارەساتی تەمەن:

ترازا وەرزەکەی عومرم لە پەنجا،

تەوژمی خوێنە کەم روی کردە بەرزی،

بە خێر چاویلکەشم کردوەتە چاوم،

سەرێکی نیرەکەم داکەوتە عەرزی،

کە تێ فکری، ژیان گۆڕکەندنێکە،

ئەویش گۆڕکەندنی عەینەن بە دەرزی،

***

دروست وا بیست و حەوت ساڵی تەواوە،

کە ئاوارەی غەریبی و دەربەدەر بووم،

وتم بۆ گەل حەقی فەوتاو ئەسێنم،

کەچی خۆشم تەریدەی هەندەرانم،

دەڵێن: " هاوڕێ عەسای رێباز و رێیە "

بەڵام من تووشی هاوڕێی بێ هۆنەر بووم،

***

رەفیق و دۆستی هاوپەیمان نەماون،

ئەوی بو هەرە یەکەی بۆ لایە دەرچو،

یەکێ کوێر و، یەکێ کەڕبو یەکێ شەل،

گوریس و ریسەکە، پاکی هەدەر چو،

بڕێکیان وا لە کێوی "قاف" چەقیون،

بڕێک بۆ خاکی زوڵمات بۆ سەفەر چو،

یەكێ رۆحی لە بارمتەی دڵی نا!،

یەكێ عومری بە بادی سیم و زەڕ چو،

قوماشی مەسلەكی، بیستی بە پووڵێ،

وەتەنخوازی بە تاڵانی تەتەر چو،

درێغ و سەد ئەسەف بۆ ئەو دەمانەی،

كە غافڵ بوین و هەر وا بێ سەمەر چو،

خەوێ بو هاتو و رۆیی، چون خەیاڵێ،

وەكو مانگی گوڵان، بێ شوێن و سەر چو،

***

منەت باری سەمیمی خانەخوێ كەم،

بڵێ ئاوا بێ ماڵی سەد هەزار جار،

لە سەر داس و چەكوش، ئەستێرە گوڵڕەنگ،

نیشانەی شادیە بۆ كوردی خەمبار،

بە حەق گڵكۆی لەنین چاكی گەلانە،

چ هیندی بێ، چ رووسی بێ، چ بوڵغار،

كەسێ خواهانی ئازادی گەلی بێ،

دەبێ سەرمەشقی لێبگرێ بە ناچار،

دەنا " بەرنامە" و " ئاكتیف " و فیسار،

قسەی رووتن، عەمەل خاسە، نە گوفتار!،

بچۆ مەیدانەوە، گەر ئێستە مەردی،

بەسەر چو نەنگی پار و هینی پێرار،

***

ئەگەر پەنجا، ئەگەر سەد بێ ژیانم،

هەتا لەم غوربەتەم، پیری حەرامە،

قومێ ئاوی زناو ئەمجار بۆشم ،

هەموی سارێژ ئەبێ، ئەم کۆنە زامە.

تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان – ئاگری

## هەر دەمێنم:

من کێوێکی بەردی خارام،

بوم و هەم و هەر دەمێنم،

ئەگەر تۆفانیش هەڵبستێ،

شەپۆلی وەک کێو بەرزەوە بێ،

گەر بروسکە وەکو قەمچی،

لە عاسمانەو بێتە خوارێ،

سەر سینگم شەقار شەقار کا،

کاتێک تۆفان دەنیشێتەو،

شەپۆلەکان دادەمرکێن،

عاسمانێکی پیرۆزەیی،

لە سەر دنیا دەدرەوشێتەو،

ئەو سا چاوت پێم دەکەوێ:

پام بە عەرزەو داکوتاوە و،

سەرم لە هەوران دەساوم،

**ئەو کێوە منم و هەرماوم،**

**شاخی بەردم نەفەوتاوم،**

ئەمن رۆژم – رۆژی گەشی پاش بارانم،

ملوێنکی کۆلکە زێرینەم لە ملدایە،

هەر رەنگێکی،لە مێژوی من کتێبێکە:

رەنگی سەوزی ئەو خاکەیە،

وا تەبیعەت هەمو شتێکی پێداوە،

بەڵام ئەوەی تێی دا هەیە،

پاکی بە تاڵان براوە.

رەنگی زەردی – رەنگی روخساری دایکمە،

وا لە بن باری مەینەتا، سووری گۆناکەی چرژاوە،

**رەنگی ئاڵی – ئەو خوێنەیە وا بۆ ئازادی رژاوە،**

ئەمن رۆژم - رۆژی گەشی پاش بارانم،

هەورێکی چڵکنی بۆرین، دەتوانێ پێشم لێ بگرێ.

بەڵام لە پشت ئەو هەورەش دا،

**عالەم دەزانێ من هەر هەم.**

تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان – 1350 ی هەتاوی.

**ئەی ئەو کەسەی وا نامناسی، یا دەمناسی و خۆت گێل دەکەی؟**

**من کێم؟**

**(بە بۆنەی کوشتارەکەی ژێنێرال قاسمەو، لە کوردستانی عێراق):**

ئەی ئەو کەسەی وا نامناسی،

یا ئەمناسی و خۆت گێل ئەکەی،

گوێ بگرە لەم داستانەی من،

ورد بەرەو لەم هە ستانەی من !

هاتوومە سەر شانۆی ژیان زۆر بە سەختی،

هەر سالێک و هەر رۆژێک و هەر سەعاتێک،

دنیایە چەوتی و بەدبەختی،

هاتە سەر رێگەی ژیانم .

زۆرداران وتیان ئینسان نی،

گوتیان تۆ لە نەسلی دێوی،

تۆ خولقاوی- هەتاکو هەی -

دیل و ئەسیر و بێ بەش بی،

دەستەو ئەستۆی رۆژی رەش بێ!

وتیان، ئەگەر بڵێی من هەم،

لە بندا، زمانت دەبڕین !

ئەگەر هەناسە هەڵکێشیت،

بە خەنجەر جەرگت هەڵ ئەدڕین !

ئەگەر لە برسان بمریت و،

لە تاوان داوای نان بکەی،

لە جیاتی نان، ئاور و باروت،

لە جیاتی ئاو، قوڕقوشمی داغی ئاگرین،

لە نێو گەروی وشکت دەکەین !

ئەی ئەو کەسەی وا نامناسی،

یا ئەمناسی و خۆت گێل ئەکەی،

گۆێ بگرە لەم داستانەی من،

ورد بەرەو لەم هەستانەی من.

**

تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان

## چاو کەوگ

ئەرێ ئەی چاو  کەوگ خۆت و جوانیت،

لە لام ڕاوەستە بۆ وادەی  سەعاتێ،

قژی پڕش و بڵاوی زەرد و زێرت،

لە گۆنا لادە، ساتێ، نیوە ساتێ،

دەمم تاڵە بە ژەهری دەهری بەدکار،

نەجاتم دە بە نوقڵێک و ناباتێ،

فیدای بڕژۆلی تیراسای دو چاوت،

کە هەرچی دی، خەدەنگێکی دەخاتێ،

ئەوا شەرت بێ، لە دەردت قەت نەبم تێر،

ئەگەر گەردون هەزار دەردم بداتێ،

غەریب و بێ کەسم لەم شارە گەورە،

بە خێری زولفەکەت، بمکە خەڵاتێ،

بەڵام هەیهات! ئەمن وا نوقمی عەرزم،

بە داوێنت لە کوێ دەستم دەگاتێ،

شکاوە کەشتی و تۆفانە دەریا،

لە کوێیە خزر و لێوارەی نەجاتێ؟

وەرە ئەی خزری زیندوم بگرە دەستم،

ئەتوی دارای جیهان، من " کاکە " لاتێ.

تێبینی: کاکە لاتێ، واتە کوردێکی هەژار ورووت و قووت.

تاروگەی لایپتزیگ، ئەلمان – 1961، عەلی گەلەوێژ ( ئاگری ).

## پاش بیست و حەوت ساڵ:

بیست و حەوت ساڵە وێل و ئاوارەم،
گۆشەنشینی ئەم گەورە شارەم،
هەناوم زووخاو، روخسارم زەردەن،
خواردنم خوێناو، بە جامی  دەردەن،
ئاخ هەڵ ئەکێشم بە دەم ناڵەوە،
لە خۆر ئەڕوانم، لە بن چاڵەوە،
برای خانە خوێ ماڵت ئاوا بێ،
بەو رێزەی گرتت دەردم چا نابێ،
منەتباری تۆم ساڵێ هەزار ساڵ،
بەڵام عومرەکەم سووتا بە فیشاڵ،
ئەم دەردە  بێشک کێو ئەڕمێنێ،
شاخی هەورامان لە بن دەردێنێ ..
هەر کەس کە تاشی سەری بێوەستا،
ئاوەکەی وشکا و ئاشەکەی وێستا،
دەستەو ئەژنۆ خۆم لە هەندەرانا،
رەنگە بمنووسن، لە ریز نەزانا ..

***

سڵاو لە پۆپکەی کۆساری رەنگین !
سڵاو لە دیدار وەنەوشەی خەمگین،
یادت بە خێر بێ، کەروێشکی ترسۆک،
هەڵۆی سەر شاخان، مامزی بزۆک،
هۆهۆی جەغەتو ! خۆم بم قوربانت،

ئاخۆ جارێ تر، دەێم بە میوانت؟

تۆ خوا پێم بێژە دوندی "شایمەردان"،

ئەمجاریش بۆ تۆ دەچمەوە سەیران؟

هۆ " ناڵە شکێنە "، "کەلی برادەر"،

"توڵەکە"ی سەرقوت، ئەی " بێژنگ بەسەر "،

کێوەکەی پشت باغ، سیپەی راوکەران،

" پلەو بەردە" کەی، ژوانگەی دڵبەران،

کەوتوەتە نێومان، چۆم و دەشت و کۆ،

مەگەر بای رەحمەت من بێنێ بۆ تۆ،

ئەی خاکی پیرۆز، قەزای تۆ لە خۆم،

ببم بە خۆڵیش، هەر پێشمەرگەی تۆم،

لە دەردی دووری با کوێر و شەل بم،

با دەستە ملانی پەیکی ئەجەل بم،

نیشتمان یا هو! کوردستان هەیهات،

بۆ مردنیش بێ، هەر دێمەو بۆ لات.

21 ی ئاوریلی 1973، تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان.

## ڕێگەی من:

عەزیزان گوێ بدەن بەم  سەرگورەشتە  و نەقڵ و دەستانە،

هەموی وایە ، مەزانن گاڵتەیە و ئەفسوون و ئەفسانە،

لەبەر عەشقی وەتەن وا بێ وەتەن بوم، دەربەدەر کەوتم،

لەبەر دەردی وەتەن، وا هەڵفڕیم، دەرچووم لە هێلانە،

ئەوا عومرێکە وەک  ڕۆستەم، هەزاران حەوت خانم دی،

لە هەر مەیدانێ سەرکەوتم، بە سەربەرزی و بە شێرانە،

بەڵام، مازەندەرانم هەر لەدەست دێوی سپی  دایە،

ئەوا  خوم ساز ئەکەم بۆ جەنگ، بە گورجی و پاڵەوانانە،

مەتاڵم – هیممەتم ؛ گۆپاڵ و گورزم – کۆمەڵی  خەڵکە،

بە سواری رەخشی عەقڵم، دەچمە نێو ئەو گەورە مەیدانە،

دەسا خۆت بگرە، ئەی دێوی سپی، مازەندەران چۆڵ کە!،

زەمانی دێو بەسەر چو، ئێستە  ڕۆژ و دەوری ئینسانە،

هەزاران  عومری  وا  قوربانی  ساتێکی ئەتۆ  کاکە،

هەتا هەم لەم جیهانە، سادقم بەم عەهد  و  پەیمانە،

لەوەی کردوومە ڕازیم، گەر لە دایک  ئێستە ببوایەم ،

هەر ئەم ڕێگەم دەگرت، هەرچەندە ڕێگەی سۆز و  هیجرانە.

تاراوگەی لایپتزیگ ، ئەلمان 1961. عەلی گەلاوێژ ( ئاگری) .

## سەهۆڵ بەندان

لەنێو شاخی سەهۆڵینا،

هەزاران کوانو ئەسوتێ و،

هەزاران رۆژ ئەدرەوشێتەو،

هەزاران گوڵ ئەپشکوێ و،

هەزاران مەزرا دێتە بەر،

هەزار هیوا ئەخاتە سەر.

***

ئەم رۆژانە وئەم کوانوانە،

دڵی پاکی پێشمەرگەی رێگەی ئازادین،

ئەدرەوشێن بە عەشقی وەتەن،

ئەسووتێن – بە هیوای ژیان،

بە خۆشی بەختیاری گەل،

بە خۆشی ستەمکار نەمان .

***

ئەم گوڵانە، گوڵی هیوای گەلی کوردن،

گوڵاڵەی سووری بێگەردن،

**وا بە خوێنی شەهیدەکان،**

لە سەر سنگی بەفری زێوین، نەخش ئەبەستن.

ئەم مەزرایە، مەزرای گەلە،

مەزرای گەلی کۆڵ نەدەرە.

***

بەڵێ لەم سەهۆڵبەندانە،

لە کوردستانی سەربەرزا،

سەرەتای بەهار دادەنرێ،

هەناسەی گەرمی گەلی کورد،

بەفری ستەم ئەکا بە ئاو،

ئاواتی گەل دێنێتە ناو .

***

**بژی پێشمەرگەی قارەمان !**

**تێکدەری زستانی ستەم !**

**بژی کوردی دژی ستەم !**

**سڵاو لە کوێستانی بەتەم !**

1963، تاراوگەی لایپتزیگ ، ئەلمان.

## ئەیزانی

ئەتۆم زۆر خۆش ئەوێ چاوم - ئەشزانم کە ئەیزانی

بە نازێ ڕۆحەکەت بردم، بە هاسانی و بە هەرزانی

برینداری خەدەنگی عەشقی چاوکاڵانی کرمانجیم

تەبیبان لێم گەڕێن - ئەم دەردە نا مەکشوفی دەرمانی

برایان، خوشکەکان، ئەی ڕۆڵەکانی نیشتمان شەرتە:

سەروماڵم بدۆڕێنم، نەبم ڕازی بە  فەوتانی

وەتەن باقی، گەلیش باقی، هەمو ئاواتی گەل باقی

ژیان وا پێنج و دو ڕۆژە - ئەمن فانی ئەتۆ فانی

تەرازوی هرز هەڵواسن، بە چاوی بیر بڕوانن

دەغیلتان بم برایان، بۆ ئەبەد لادەن لە نازانی

مەکەونە شوێن کڵاوی لار، کە هیوایێکی زۆر پووچە

لەگەڵ گەل بن بە گاوانی، نەوەک تەنیا بە سوڵتانی

مەزن قازی محەممەد وەسیەتی بۆ ئێمە کرد، فەرموی:

منیش بکوژن، هەزاران سەروی دی، دەڕوێ لە مەیدانی

لە ڕێ ماندو مەبن بۆ خاتری کەڵەپیاوانی ئەم خاکە

کە هەر کەس نیوەڕێ وێستا، نەسیبی بو پەشیمانی

بە خوێنی ئاڵی خۆمان، دائەشۆرین خاکی کوردستان

گزنگی بەر بەیان هەڵدێ، لە سەردوندانی کێوانی

تاراوگەی ئەلمان، لایپتزیگ– دەی خاکەلێوەی 1351ی هەتاوی.

ئەم شێعرەم بە بۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵی لە سێ دارە دانی پێشەوای نەمری کوردستان قازی محەممەد نووسی. بەڵام داخەکەم، جێگەیەکم گۆمان نەبرد کە چاپی بکەم. ئاخ بێ دەرەتانی !

ع.. گەلاوێژ ( ئاگری )

## دارێکی هەزار ساڵە:

من دارێکی هەزار ساڵەم،
ڕیشەم لە چوار قاتی عەرزە،
ترۆپم لە کاکەشانە،
گەر لقێکم لێ هەڵپاچن،
سەد لقی نوێم لێ شین دەبێ،
ئەگەر نەزانێ پەیدا بێ،
بە تەما بێ ریشەم ببڕێ و،
بە تەور و مشار تێم بەر بێ،
لە سەد جێ رەگاژۆ دەکەم،
لە هەر رەگێ،
هەزار نەمام سەر هەڵ دەدا،
ئەگەر ئەورۆ هەر دارێک بووم،
سبەینێ دەبم بە سەد دار،
دو سبەی دەبمە هەزاران .

***

ئەی ئەو کەسەی وا نامناسی،
یا ئەمناسی و خۆت گێل ئەکەی،
ئەی ئەو کەسەی ئاور لە ماڵم بەر ئەدەی!
بزانە: پێش تو زۆرداران،
زۆر هاتون و زۆر رۆیون،
ئەوان رۆین کۆڵی لەعنەت بە شانەوە،
بەڵام ئەمن هەر وا ماوم:

بە جەرگی بریندارەوە،

بە ناو چاوێکی خاوێنەو،

بە چاوێکی پڕ لە هیوا،

قسەی حەقم لە سەر زارە و،

ئەوەی حەقخوازە لە پشتم.

30 پووشپەڕی 1341، تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان .

## قسەی وەرزێر

لەبەر کولی داس و پێمەڕە و بژارچن،

ناو لەپم بلۆقە و نینۆکم سواوە،

پاژنەشم لە رووتی و لە تاوی پێخاوسی،

وەک قوڕی لێو دەریا، سەرپاکی قەڵشاوە،

جەوهەری ژیانم، ئارەقەی نێو چاوم،

هەر دەتکێت و دەتکێت، هەر منم وا ماوم!!!

***

پێڵاوم بەری پێم، کڵاوم موی سەرمە،

کراسم جاوینە و دەرپێشم، هەر جاوە،

کەواکەم هێند کۆنە، نۆحیشی وەبیر دێت،

لە ئانیشک، لە ناوشان، چەند پینەم لێ داوە،

منداڵم بێ لەچک و بێ پێچ و مێزەرە،

ماڵەکەم، وا رووتە وەک سەحرای مەحشەرە،

***

خانوەکەم تاریکە و میچەکەی قورماوی،

شێری ژیانی تێوە بێ، پێی دەمرێ،

ئەبرژێ سنگەکەم، لە تاوەی ژینمدا،

جیا لەمە، چێشتی دی، لێرە، لێ نانرێ،

کەچی من هەر ماوم، نەمردوم، دەنگم دێ،

چرای ژین لە دڵما سۆڵەی دێ و دەسووتێ،

***

لە ماڵما، مشک و مار، هێلانەی داناوە،

کێچان هەتا ڕۆژ دەم مژن، دەمگەزن،

گەنەی نێو تەویلە و قرنوی نێو کولانەش،

بە دووکەڵ دا هاتوون، بە برنۆش نابەزن،

بۆ خوێن مژینم، شاڵاوم بۆ دێنن،

ئەوانیش لە خوێنم، دەودو، دەسێنن،

***

مالووسکەی خەرمانم، بە باڵای دو پیاوە،

بێستانم بۆن خوشە و تووتنەکەم خۆشکێشە،

هەر دەڵێی کارەبای تێکەڵاو بە زێڕە،

بەڵام بۆم پێک دێنن، سەد کێشەو سەر ئێشە،

لەم تووتن و مالووسکەو خەرمان و بێستانە،

بەشی من هەر تۆز و هەر خۆڵ و تاڵاوە و هەر ژانە،

***

بە جارێ ورەز بووم لە ژینی سەگ مەرگە،

هەرکە دێم ببزوێم بۆ دەرچوون لەم حاڵە،

مەلای دێ پێم دەڵێ" ماڵوێران کافر بوی "!

پێی دەڵێم: ماڵی خۆم، خۆ بۆ خۆم حەڵاڵە،

ئاغا وا من دەخوا، بە کافری نازانن،

من بیلم بۆچ دەمخۆن، بە کافرم دە زانن،

***

ئەی وەرزیر، ئەی پاڵا، ئەی کاکی زەحمەتکێش،

ئازادی و ژیانت لە دەستی خۆتایە،

گەر خلە و تۆ و بلەو مام پیرۆت یەک بگرن،

نە زۆردار، نە حاکم، لە دەستی هیچ نایە،

یەک بگرن، راپەڕن، بچنە نێو خەباتەو،

باز هەتا هەڵنەفڕێت، هەرگیز کەو ناباتەو.

سەرماوەزی 1340 ی هەتاوی، تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان.

## هەرزن، بزن، چیای مەزن!

هاوار ئەکەم، هاوار ئەکەم
کەون و مەکان بێزار ئەکەم

کە گیانلەبەر دەنگی نەبو،
هاوار لە بەرد و دار ئەکەم!

خۆزگە بە خۆت ئەی چۆلەکە!
ئازادی  دشت و چۆڵەکە

من کە ئینسانم پێ دەڵێن،
لە نێو بەندا، هاوار ئەکەم!

تاسەی سەر "حەوزەکەی بۆکان"،
دەوری "قەڵای سەردار" ئەکەم

لە دووری گەل پشتم  شکا
تیشکی دیدەم، تک تک، تکا

وا  وەڕەز بووم لە گیانی خۆم
جار جار بیری مەزار ئەکەم

بە فرمێسکان ئەی "ئاگری"!
تەڕ بویت و ئاگر نا گری

وشکەوبە ئەی هەژارەکەم
تا وەختێ تۆ بێدار ئەکەم

هەرزن، بزن، چیای مەزن!
ئەوانەی ئاوان نابەزن

بۆ تۆ تەمەننای پیاوەتی و
نەختێ رەگ و دەمار ئەکەم

هازا گۆ و هازا مەیدانت!
دەرکێشە تیغی دەبانت

بمرە لە رێگەی خەباتا،
بەسەرتا، گوڵ نیسار ئەکەم

## سڵاوی دوور

ئەرێ ئەی بای شەماڵ، تۆ خوا کەرەم کەو باڵەکەت  لێکـدە
هەتا ناو خاکی کوردستان مەوێستە گیان بە قوربانت

کە گەییە ئەو دیارە، روو بنێ سەر خاکی خاوێنی
بە دڵ ماچی کە، ئەوسا، تێی بساوە هەر دو چاوانت

بڵێ: ئەی گیانی شیرینم، مەبارەک جەژنی ئازادی
بژین پێشمەرگەکانت، گیانی پاکی قارەمانانت

بڵیند بێ تا ئەبەد ئاڵای گەشی سەربەستی و ئازادی،
لە بەرزانت، لە نزمانت، لە کانی و گۆل و چۆمانت

برای گەرمێنی پیرۆز بێ لە تۆ ئەم رۆژە پیرۆزە
لەگەڵ تۆ  هاوبەشن لەم جەژنەدا خزمانی کوێستانت

ئەگەر بێتو بپرسی حاڵی  رۆڵەی دوورولاتی خۆت
ئەوا وێستاوە حازر، دەست لە سەر سینگ، چاو لە فەرمانت

بڵێ: بمرە! ئەگەر نەمرم بزانە خاو وبێ هەستم،
کراوم گۆچ بە شیری تۆ و بووم گەورە بە دوونانت!

12/ 3/ 1970 – تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان

بە بۆنەی واژو کردنی پێک هاتی 11 ی مارسی 1970، لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەغدا.

ئەی کوردستان !

ئەمشەو لە حالێک دا لە گەشتی فەرەنگستان دەگەڕامەوەوە و لە شاری " کییێف " لە میوانخانە کۆچم بەزاندبو، هەتا درەنگانێک خەو نەچوە چاوم. دەرکەوتم هەتا سەعاتی دوی پاش نیوە شەو بە شەقامی "کریشاتێک؟" دا خولامەوە. گەڕامەوە هۆدەکەم، بەڵام هەر بیرم لە سێ ساڵی رابوردو دەکردەوە ... من بە چ دڵێکی پاک و خاوێنەوە چوبووم ! .... چەندێ نامەردی و خراپەیان لەگەڵ کردم و دوایین حوقەیان چی بو؟! ... ئەم شێعرە خۆ بە خۆ، بە نووکی قەڵەمەکەم دا هات. ئەوانەی وا ئیدیعای ئازادی" گەلەکانی " ئێران دەکەن، دەبێ بە قەولی شاعیر بزانن: " این رە کە تو میروی بە ترکستان است " ... حەیف و ئاخ بۆ ئاواتی بە با چو!... دیسان شاعیر دەڵێ " اگر صد سال گبر آتش فروزد، چو یکدم اندر آن افتد بسوزد "

## ئەی کوردستان

ئەی کوردستان، ئەی ئەو خاکەی بە خوێن خوساوی

دوژمنت وەک سەگ بتۆپێ و کوێر بێ دو چاوی

قوربانی شاخ و داخت بم، رۆژێ سەد جاران

پایەندازی پێشمەرگەت بێ، تاجی شای تاران

رۆڵەی تۆم و نۆکەری کەس نیم، خوێنەکەم پاکە

یا خوا برژێ خوێنی پاکم، لە رێی ئەم خاکە

وەک "ئاگری " گەردن کێش و سەر لە هەرورانم

دڵ خوێناوی و لەش بریندار، دەنگ پاڵەوانم

رۆحم پاکتر لە ئاوێنەی بەختی دڵداران

قسەم بێگەرد، رێگەم رووناک، بە هەمو باران

نامەرد ویستی ببمە خوێڕی و گوی لە مستی ئەو

بەم ئامانجە داوی بۆم ناوە بە رۆژ و بە شەو

لەت لەتم کەن، بم جنن وەک گۆشتی قوربان

هەر لەتێکم هاوار ئەکا و ئەڵێ ئەی کوردستان!

ئەی کوردستان، ئەی کوردستان، رۆحی شیرینم

ئەی نیشتمان، ئەی نیشتمان، ئایین و دینم.

شاری کییڤ، 21 ی مانگی مەی 1964

درەنگانیك پاش نیوە شەو

عەلی گەلاوێژ ( ئاگری ).

## بەران کێوی و " شارەزا "

**(هۆنراوەپەخشان )**

تاق کەوتەوە بەران کێوی لە گەڵی یاران

سەرگەردان و بێ پشتیوان، وێڵی کۆساران

بە ئاواتی وەسڵی یاران دۆڵاو دۆڵ پێوای

کەسی نەدۆزیەوە، جیا لە شوێنی پای.

وا گەڵی بانگ دە کرد، کێو دەنگی داوە

هاواری بەران بۆ خۆی ئەگەڕا...

بۆ وەی یاران وەبیر خاتەوە ئەچوە سەرکانی

لە نیو ئاوا لە وێنەی خۆی تێر تێر، ئەیڕوانی.

بەران کێوی بە تیغی غەم جەرگی شەقار بو،

دوری لەگەڵ ماندوی کرد، چاری ناچار بو.

رێی گرتە بەر تاکو دەرچێ لە گێژی جیایی

رزگار بێ لە بێ کەسی و تاقی وتەنیایی

وردە- وەردە لە شاخانەوە روی کردە نێو دۆڵ

گەییە نێو دارستانێکی تاریک، چۆڵ و هۆڵ ...

هاتە سەر رێی، کابرایەکی بە رواڵەت"پیاوچاک "

گوتی: بۆچ وا سەر گەردانی ئەی گیانداری پاک!؟

من شارەزای رێگەی گەلم، وە شوێنم کەوە

نەجاتت ئەدەم لەم تەلیسم و تاریکە شەوە

بەران کێوی جەرگ سووتاوی دڵپاکی بێ گەرد

وەشوێنی کەوت دۆڵاودۆڵ و ڕۆیی هەرداوهەرد

تومەز کابرای " رزگار کەری " " شارەزا" ی رێگەی گەل

بە ئامانجێکی چەوتەوە، ئەگەڕا لە هەل

کە دوور کەوتن لە شاخان و گەیینە راستایی

کابرا لێی وەرگەڕا و بە بێ حەیایی

گوتی: حەیوان من لە دس تۆ یەکجار دڵپڕم

خۆت راکێشە، لاقت جووت کە، با سەرت بڕم

واقی وڕما بەران کێوی، لەم شارەزایە

گوتی: کابرا سوێندت ئەدەم بەو خودایە

گاڵتە مەکە لێرە بڕۆ، من بە تاڵووکەم !"

کابرا گوتی: ئەی بەسزمان قەت گاڵتە ناکەم !

لەم لاو لای بەردێکەو چەند سەگ درەپەڕی،

بەران بێ وەی بپەشۆکی زۆر بە دەستەڕی

راچەنی و بازراقەی بەست و روی کردە کۆسار

سەگەل هاتن دەم لەسەر پشت، لە ژوور و لە خوار ...

قین و نەفرەت تێکەڵاو بو لە دڵی بەرانا

لەگەڵ غەمی گەل و تاسەی یارانا .

تێکەڵاو بو، بو بە هێزێ – هێزی بێ پایان .

وەک تیر ئەکشا و بۆی کرژ ئەبو، وێنەی کەوان.

بەران کێوی باڵی گرتەوە وەک رەخش و شەودێز .

کوێستانی بەرز، وەک دایکێک گرتیەوە ئامێز.

کشا بە بەر زەرد و ماها و گەییە دوندی کێو

لە ژوور هەموان راوەستابو، گابەردێک وەک دێو.

سووکێک پەڕیە بان بەرەدەکە و ئیتر راوەستا!

بە واتەی گەل عاجب مابو لە دەهر و دنیا ...

هەر سمی بە بەردا کوتا و ئاگری لێ بوەوە

کێو ئەلەرزی کە ئەی پڕماند، لە زارو کەپۆوە

نە سەگ وێرای توخنی کەوێ و نە کابرای نا پیاو

ئێرە کۆساری سەربەرزە و جێگەی پیاوی پیاو ...

چەند جار مانگ و رۆژ لەم کەل هەڵات و لەو کەل ئاوابو

بەران لە جێی خۆی چەقیبو، واقی وڕ مابو

بیری ئەکرد لە کردەوەی " پیاو چاکی " نا پیاو

لە ئاکاری " رزگار کەری " دڵ پڕ لە چڵکاو.

ئاگری 1964 – تاراوگەی لایپتزیگ ، ئەلمان.

## چێ بکەم !؟

گرفتاری غەمم، گەر ئارەزوی سەودا نەکەم چی بکەم؟!

بە تۆڵەی عومری فەوتاو، مانگ و ساڵ ریسوا نەکەم چی بکەم؟!

پڕوزا خونچەی ئاواتم، گەڵای گوڵ پاکی بابردی،

کزەی دڵ بەختی ناڵەی بولبولی شەیدا نەکەم چی بکەم؟!

ژیان شیرینە، ئەمما بۆتە کەکرە و ژاری مار ئەمڕۆ،

بە ئیحسان، جووتێ نوقڵی سوور لە یار داوا نەکەم چی بکەم؟!

وەڵامی دا " هەتا نەمری قەت ئەم ئاواتە پێک نایە !"

کە وا بو، حوکمی ئیعدامم بە دڵ ئیمزا نەکەم چی بکەم؟!

لە بورجی نیفرەتا، فیرعەونی دەوران پاڵی لێداوە،

ئەگەر هاواری ئیعجازی عەسای مووسا نەکەم چی بەکەم؟!

ستەم وا زۆری هێنا و حەق شکێنی وا لە تام دەرچو،

تەمەننای رەستەخیز و مەحشەری کوبڕا نەکەم چی بکەم؟!

غەریبی دەردی پێ دام - تا کو ئەژنۆم تاقەتی ماوە،

بەروە ماڵ هیممەتی رەوتێکی بێ پەروا نەکەم چی بکەم؟!

دەڵێن ئەمواجی دەجلە موژدەی ئازادبوون کورد دێنێ،

لەسەر ئەم قەولە تاسەی شارەکەی بەغدا نەکەم چی بکەم؟!

هەرەس سەنگین و رێ بەفرین – سەهۆڵبەندانە دەشت ودەر،

بە وادەی بای شەماڵ بێ گفتوگۆ، بڕوا نەکەم چی بکەم؟!

ئەگەر سەهوێ بلێم، لۆمەم مەکەن ئەی کۆمەڵی یاران،

لە تاوی خەم ئەگەر جارا، قسەی بێ جا نەکەم چی بکەم؟!

عەلی گەلاویژ( ئاگری )، تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان – 12/1/ 1973

## بابێ

بڵێن بابێ، بڵێن بابێ – چەمی سیروان بە چاوما بێ

لە دەردم تێ ئەگا هەر کەس بە هیجران جەرگی سووتابێ

بە جوانیت سوێند ئەدەم، ئەی چاو گەشی مامکۆڵە فینجانی

مەگەر پەیمانی دڵداری، لەگەڵ دڵدار ئەبێ وابێ !؟

لە رەیگەی دیدەوە رۆحم فڕی و هێلانەکەی چۆڵ کرد

لە بیرم چو - ئەبێ دێوانە زنجیری لە مل دا بێ

ئەبێ عاشق دڵی خوێنین، سەری شۆریدە بێ – یانی:

لە سینگا جەرگی توێ توێ بێ و لە سەر شان زوڵفی تاتا بێ

لەگەڵ دو رو، لەگەڵ دو دڵ، نەبی هاوڕێ دەغیلت بم !

شکستە ئاخری کارێ، کە خائین دەستی تێدا بێ

ئەسەف بۆ ئەو کەسەی هیوای بە واتەی پیاوی نامەردە !

خوشا ئەو رێرەوەی دەستی، لە دەستی پیاوی مەردا بێ !

بڕۆ تا مەنزڵی دوایی، ئەگەر چی تیکە تکەت کەن !

لە تۆفان سڵ مەکە هەرگیز، کە عەزمت جەزمی دەریا بێ !

ئەبێ پێشمەرگە وەک رۆژ بێ، کە هەڵهات نوور بپرژێنێ،

لە ئاسۆ خوێن برەنگێنێ، کە کاتێ ویستی ئاوا بێ.

عەلی گەلاویژ ( ئاگری ). تاراوگەی لایپتزیگ، ئەلمان – 197/8/29

## برسی

وەتەن پڕ بو لە لێقەوماوی برسی

دێهات و شارە پڕ داماوی برسی

ئەگەر چی مانگی خەرمانانە ئێستا

هەتا دێ زیاد ئەبێ، لافاوی برسی

هەرا گوێ کەڕ دەکا گەر بێیتە بازاڕ

لە بەر هاوار و دەنگ و قاوی برسی

لە پیاوی با شەرەف تاریکە دنیا

لەبەر دەردی دڵی برژاوی برسی

دەڵێی دنیا گەڵا ریزانە ئەمڕۆ

لە رەنگی روومەتی چرژاوی برسی

ئەوا سووتا زەخیرەی سەبر و تاقەت

لە بەر گرپە و گڕ و هاڵاوی برسی

لە دەردی باری بەدبەختی و هەژاری

پتر دەپسێ، دڵی ئێشاوی برسی

بە تەدریجی هەمو مەحکوومی مەرگن

ژن و منداڵی بێ پێڵاوی برسی

لە زۆر جێگە هەمو رۆژێ دەبینی

کەلاکی بێ کەسی ماساوی برسی

لە دەرکی نانەوا تا بانگی خەوتن

بە نۆرە رادەوێستن لاوی برسی

بە ئاواتی کڕینی پاروە نانێک

دەسووتێ سەردڵی سووتاوی برسی

وەزیر و شاو وەکیل و کاربەدەستان
هەمویان دوژمنن بۆ پیاوی برسی
ئەوان زگ تێرن و خۆ خەستە ناکەن
بە فکری ماڵی تێک شێوای برسی
هەمو ئاژانەکان باتوون ئەکێشن
لە دەرکی نانەوا، بۆ راوی برسی
لە ژێر پێلاقە و چەکمەی ئەوانا
دەکوترێ پەیکەری ژاکاوی برسی
تەماشای دیمەنی کۆڵانەکان کەی
دەبینی روی بە خوێن رەنگاوی برسی
ئیدارەی ئیقتیسادیش لنگی هەڵکرد
لە کرمانجانی ماڵ روخاوی برسی
بە هۆی ژاندارم، ژەهری تێ دەرێژێ
لە عومری تاڵ و و پڕ ژاراوی برسی
جەنابی" ساعید" و بەچکەی رەزا خان
بە بێ ترسان لە هەور و ساوی برسی

خەریکی غارەت ماڵی هەژارن
دەخنکێنن، گەروی تاساوی برسی
بەڵام  سەهوێ دەکا بەچکەی رەزا خان
دەگا رۆژێ، ببێتە باوی برسی
دڵی پاشا دەتۆقێ گەر ببێنێ
پریشکی ئینتیقامی چاوی برسی
کە جۆشا چەشنی تۆفانی بەهاری

لە بەر زۆر و غەزەب، سێڵاوی برسی

تەواوی خائینین و بەچکە پاشا

ئەبێ رۆژی بکەونە داوی برسی

لە بەریەک دەردەچن ئەو زاڵمانە

لە زەربەی هەڵمەتی ناکاوی برسی

کە زاڵم پاکی فەوتا، کاکە ئەو دەم !

لە تاڵی دەردەچێ، شۆرباوی برسی.

عەلی گەلاوێژ ( ئاگری = کاکە ) تاراوگەی لایپتزیگ – ئەلمان – سەماوەزی 1328 ی هەتاوی، ئۆکتۆبری 1949 ی زاینی

# لاوە گیان

ئەی وەتەن من عاشقی تۆم، شیفتە و سەوداسەرم
گەر لە دنیا دا بژیم، بێ تۆ، لە عوقبا بێ بەرەم
خاک و خۆڵت مەرهەم و دەرمانە بۆ زامی دڵم
دڕوەکەت رێحانە بۆ تەزیینی پێچ و مێزەرەم
ئەی وەتەن تۆ بێنە، سوێندت بۆ بە ویجدانێ بخۆم:
ئاوەکەت " مائولحەدیقە " و شیر وشەهد و شەککەرم
گەر بەهەشتیشم دەنێ، وەڵڵاهی بێ تۆ نامەوێ
بێ وەتەن چێ بکەم لە " حوریەلعەین " و لە ئاوی کەوسەرم
من کە خۆم قوربانی ئازادیت نەکەم، تۆ خوا وتەن
بۆ چمە زانست و فەرهەنگ و کەماڵ و جەوهەرم
ئەز کە هەر رۆژێ هەزار لاوت ببینم سەربڕاو
چۆن نە جۆشم وەک جەهەننەم، بۆ قەساسی کافرم!؟
خاکە کەت رێپێڵگەیە بۆ راوڕووتی جەردەکان
شارەکانت مەسلەخە بۆ داری " لێهەڵواسەرم "
تازەبووک و رۆڵەکانت وا بە یەخسیری بران
وایە بنیادەم ئەگەر؟، حاشا، لەوە من بێبەرم !
تف لە ویجدانی ئەوانەی وا لە عیشقت بێ بەشن!
ئەنجن- ئەنجن بێ، دڵی دوژمن بە تیغ و خەنجەرم
لاوە گیان تۆ ئاوی کانی و قەڵپەزەت خواردۆتەوە
پاک و پاکیزەی لە عەیب و ترس و چەوتی چەمپەرم
لاوی کورد تۆ سەف شکێنی دوژمنی بێ عاتیفەی
پووچە، مەڕوانە، لە باڵای دوژمنانی فیتەرم

لاوی کوردی قارەمانی رۆژی تەققە و گرمەیە
شێری کوردستان و پێشمەرگەش لە کاتی سەنگەرم
کیژی کوردی دەست و دڵ پۆڵا لە رێگەی نیشتمان
تێ دەکۆشێ - بێبەشە لە ژینی سایە و سێبەرم
قوربەسەر کەن، ئەی سەفی دوژمن ئەوا لاوانی کورد
بۆ کەپۆتان سازئەکەن، زنجیر و قوفڵ و قەمتەرم
زوڵمەتی زاڵم بەسەر چێ و رۆژی ئازادی هەڵێ
وا مەزانن، من وەکو جارانی زو، بێ یاوەرەم
کاری ئێمە حەقق و دادە و رێگەمان وەک رۆژی روون
سەف بە سەف، میلیۆن بە میلیۆنن، هەن بەشەر یاریدەرم
کاکە گیان رۆژی خەباتە، بۆ نەجاتی نیشتمان
رۆحەکەم بۆ تۆ بەڵا گەردانە - خۆشم لەمپەرم.

عەلی گەلاوێژ ( ئاگری )، تاراوگەی لایپتزیگ،ئەلمان. رێبەندانی 1326 ی هەتاوی، ژانویەی 1948.

## دوژمن بمرێ !

ئەو شێعرە بە بۆنەی تێک شکانی هەڵبژاردنی دەورەی 15 ی مەجلیس(ی شووڕای میللی ) لە مەهاباد، هۆنادراوەتەوە. 1328 ی هەتاوی، 1949 ی زانستی.

کوردینە وەرن تێکی پسێنن لەچی باران
چی دی مەچنە ژێری قسەی مەجلیسی تاران!
گیانم بە فیدای خەڵکی مەهابادی رەشیدە
پڕ تەجرەبەیی نەهزەتن، و کردەیی کاران
مل نابەنە ژێر زۆرەملەی حاکم و نازر
بێ فایدەیە شوعبەدە و نەخش و نگاران
سەربەرزە هەتا رۆژی ئەبەد قولەی بەسری
چاوی لە مەهابادە ـ دەدا، کێشکی مەزاران
روسوورە هەتا رۆژێ هەیە چۆمی مەهاباد
چون سوورە بە خوێنی گەشی پێشمەرگە و سواران
ئەی خەڵکی مەهەباد! بزانن نەتەوەی کورد
وەستاوە لە پشت ئێوە بە عەزم و بە ویقاران
ئەی میللەتی کورد! ئاخری رۆژی رەشە ئەمرۆ
یێک هێرشی پێویستە لە کوێستان و لە ئاران
تارانی ستەمکار و جەفا پیشەیی غەددار
خوێری لە بەهێزان و بەکارە لە هەژاران
شا ومەجلیس و دەوڵەت، وەکوو دووپشک و روتەیلن
تالار و بنیای مەجلیسی شورا، کونی ماران

هەر چەندە [یی]، نوێنەر کە لە ئەو مەجلیسە دایە
زۆری دز و بێ عورزەیە وەک دەورەیی جاران
کارێکی موقەددەس کە لە ئەستۆی مەیە ئیمڕۆ
بەرنامەی ئەسنافی لە دێهات و لە شاران
ژێری کەن و ژووری کەن، ئەوەی مەنبەعی زوڵمە
گۆشەی کەلەوای جەور و سپاهانی مەخاران
حەق بوونی مەرامی مە، برا! زامنی فەتحە
دوژمن بمرێ! عومری دەڵێن چل شەوە هاران

ئاگری

## بانگی برایەتی

برای عەرەب! تۆ برا و هاوڕێی خەباتی
لەم خاکەدا من دەجلەم و ئەتۆش فوراتی
با یێک بگرین ببین بە شەط، شەطی ئازادی
سێلاوێکی ڕیشەکەنی جەور و بێدادی

*****

ئەو فەلاحەی وا لە جنووب ئارەقە ئەڕێژێ
بە عومری خۆی جارێ تامی تێری ناچێژێ
کرێکارێ خوێنی جەرگی ئاو و نانیەتی
نوقمە دایم لە گێژاوی دیلی و نەکبەتی
بیر ڕووناکێ زانستەکەی زنجیر کراوە
دەستی و زمانی و قەڵەمی بەزۆر بەسراوە
ملیۆن ملیۆن ئەوعەرەبەی عەداڵەتخوازن
ئەو گیانە پاکانەی لەگەڵ ستەم ناسازن
من دڵنیام دۆستی کوردن، برای کوردانن
پشتیوانی خەباتەکەی ڕێی کوردستانن

*****

برای عەرەب! ئەمن و ئەتۆ هەر بەش خوراوین
بەدەست تاڵانگەرانەوە دائیم چەوساوین
ڕۆژێ هولاکۆی خوێنخور و سوڵتان سلیم خان

بە شمشیری خوێناویەوە وەستان لەسەرمان

نانیان بڕین، ئاویان بردین، ماڵیان ڕووخاندین

خوێنیان مژین، گۆشتیان خواردین، ئێسکیان کروساندین

بە ماڵی تاڵانی ئێمە تاجیان لەسەر نا

بە رۆژ لە بەزما گەوزان و شەو لە حەڕەمدا

بە ڕۆنی بۆنخۆشی ئێمە و پەنیری ئێوە

سفرەیان دائیم رەنگین بوو بە هەزار شێوە

بەڵام جیرەیان دیاری کرد بۆ ئێمەی یەخسیر:

بۆ تۆ رۆژی دەنکێ خورما و بۆ من قومێ شیر

رۆژی ئیستعماری ئینگلیز سواری شانمان بوو

گۆشتی گیانی ئەمن و ئەتۆی پچڕی بە پاروو

نەوتی بردین، بەڵام خۆمان بێ چرا ماینەو

پارەی بردین، خۆمان بە پای پەتی خولاینەو

ڕاپەڕین داوای حەق بکەین، خوێنیان ڕژاندین

عراقیان ئاگرتێبەردا و ماڵیان ڕماندین

منداڵی ڕووت و هەژارمان بە دیلی برا

کەس و کارمان لە نیشتمان دەربەدەر کرا

دەجلە و فوڕات سوور و سوێر بوو بە خوێن و فرمێسک

تیغی ستەم گۆشتی بڕی و گەیشتە سەر ئێسک

هەر هەڵساین و سەرکوت کراین، دیسان هەڵساینەو

ئیستعمار چرای کوژاندین دیسان ئایساینەو

چرای ئامانجی حەق خوازی هرگیز نەفەوتا

ئەو ئەحمەقەی وا فووی لێکرد، ڕیشی خۆی سووتا

*****

برای عەڕەب تۆ برامی و هاوڕێی خەباتی

لەم خاکەدا ئەمن دەجلەم و ئەتۆش فوڕاتی

با یێک بگرین ببین بە شەط، شەطی ئازادی

سێڵاوێکی ڕیشەکەنی جەور وبێدادی

خەنجەری دەبانی کوردی بۆ جەرگی دوژمن!

شمشیری ئاوداری عەڕەب بۆ مەرگی دوژمن!

عراقی سەربەخۆ و ئازاد بۆ کورد و عەڕەب!

بەختیاری و ژیانی شاد بۆ کورد و عەڕەب!

1963

## بەهاری تاسە و تامەزرۆیی

بەهارە و خاکەلێوە، کێو و  کەژ تارای  گوڵی پۆشی
لە بەرزا هەور گرماندی  و لە عەرزا کانیەکان جۆشین
شە ماڵ وەک خاسە کەیبانوو، خرینگەی بەند و مووری دێ
بەرهەڵبێنەی  لە خۆی  داوە  و بە لایدا کردووە کۆشی
دەماڵێ  بەفری  ڕێبەندان لەسەر خێڵگەی گوڵاڵەی سوور

*****

لە  دوندی "ئاڕبابا" ڕا  سەیری شیو و دۆڵی بانەم کەن
لە نووچکەی کێوی "سوڵتان" ەو نەزەر لەم خاکە جوانەم کەن
لە   سینگی   هەڵقوپاوی   "ئاگری"   بڕوانە  زامارە
لە جێگەی  هەر دڵۆپێ خوێن دووسەد نەرگز دەکا شیوەن
لە  داخی  ئەو  گوڵستانەی بە بای  سەرسەڕ کرا خاپوور

*****

بە  ڕۆژ و شەو لە یادمدای وەتەن! یاخوا فیدای  تۆ بم!
لە داخی دەردی تۆ، تاکەی لەگەڵ خەم دەستەوئەستۆ  بم؟
ئەتۆ   تاکەی   لە  زنجیرا   ئەناڵێنی  و  ئەناڵێنی؟
ئەمن تا کەنگێ ڕەش پۆش و خەریکی شین و ڕۆڕۆ بم؟
لە هیجری تۆ، کوڕانی تۆ  هەتا کەنگێ ببن ڕەنجوور؟

*****

لەسەیری  کوردەواری  تێر نەبووم کوردینە! باوەڕ کەن
کە من مردم بە ئاوی چۆمی "سیروان" غوسڵەکەم دەرکەن
لەسەر   کێوی "وەنەوشە"  قەبرەکەم وا هەڵکەنن یاران
لە "قەسر" ەو تا "ئەرەس" دیار بێ لە بەردی کێلەکەم مەوتەن
لە خاکی پاکی کوردستان لە کفنم کەن لە جێی  کافوور

*****

ببوورن خۆشەویستانم! لە دەست خۆما نەبوو خامەم

رفاندی کاغەز و خامەم لە دەست، ئەم جەرگە پڕ زامەم

قەڵەم بێ ئێختیار نووسی بە سۆز ئەو داد و هاوارە

کە ئەژنەوتی لە سازی دڵ کزەی ئەو عەشقە ناکامەم:

لە فەسڵی گوڵ بەیادی گۆڕی ناکامان کرا مەجبوور

*****

ئەمن خۆ کوندەبوی سەر بەردەکێلی خاکساران نیم

کزۆڵەی نەوحەخوێنی پاشەمەرگی لێو بەباران نیم

لە فەسڵی نەوبەهارا یادی گوڵرێزیی خەزان ناکەم

لە کاتی نوخشە دا، تەرزە و سەهۆڵ و کوێرە باران نیم

لە خەڵک و ژینی پیاوانەی وەدەست دێنم ژیان و نوور

*****

بەهارە و خاکەلێوە، سەرملان گا هەور و گا ساوە

لە چەشنی بەبری تورە ئاسمان نێوچاوی گرژاوە

لەسەر کێوان و ئاسۆگان گورەی هەوری بەهاری دێ

دەڵێی هارەی تفنگی کوردە وا دایم لە چوارلاوە

دەلەرزێنێ هەتا سەر پشتی گارەش بەندەن و ماهوور

*****

ئەرێ ئەی دڵ! لە خەم دەرچوو، ئەوا دەورانی جوانی دێ

دەڕازێتەو بە چل رەنگان لقی رووتاوی داری عور

ئەرێ بولبول! مەناڵێنە، لە باغا خونچەکەت پشکووت

دەچی بۆ بەزمی کوردان ساز کە سازی سینە وەک سەنتوور

ئەوا گرمەی دەهۆڵ و سیرەسیری پیرە زوڕنا دێ

دەهێنن بووکی ئازادی لەبۆ کوردان لە رێگەی  دوور

ئەرێ زاوا بەرەوپیری!      برازاوا، دەسا غاردەن!

سمێڵ بادەن کوڕینە!   کیژەکان ساز کەن کلە و کلتوور

گوڵ  و  ئاوێنە  هەڵبگرن  ببەن دەسماڵی  هاوڕیشم!

لە خۆدەن جا قەتارەی گۆ، ببستن بەندەک و بەرموور!

ئەرێ ئەی بووکی ئازادی!  دەسا بێ، جەرگەکەم سووتا

لە دووریت وێڵ و ئاوارەم وەکوو مووسا لە کێوی توور

گوڵم! ئەگریجەکەت لادە و لەسەر تاراکەت  هەڵبگرە

بکا  شاباشی  باڵاکەت گەلێ ئەستێرە کۆگای  نوور!

ئاگری          ژوئن 1957

## برای بەڕێز

برای بەڕێز، ئەی سەربازی رێگای ئازادی!
ئەی تێکدەری کۆشکی کۆنی زۆر و بێدادی!
ئەی پێشمەرگەی کۆڵنەدەری کوردستانەکەم!
ئەی گیانفیدای نیشتمانە پاک و جوانەکەم!
سوێند ئەخۆم بە گیانی پاکی شەهیدەکانمان
بەو رۆڵانەی بۆ ئازادی لە خوێنا گەوزان
سوێند ئەخۆم بەو سەرزەمینەی بەرگی سووتاوە
بەو خاکەی وا بە فرمێسکی خوێنین ڕەنگاوە
بە ڕۆژ و شەو، رۆح و دڵ و هۆشم لە لاتە
عەقڵ و فام و بیر و فکرم هاوڕێی رێگاتە
هەر بومبایێک بەرئەبێتەو بۆسەر خاکی تۆ
لە ماڵی تۆ و لە جەرگی من هەڵدەستێ بۆسۆ
ئەو کاتەی تۆ زامار ئەبی بە گولەی دوژمن
خوێناو ئەتکی لە زامی تۆ و لە دووچاوی من
ئەو کاتەی تۆ باڵ ئەکەیتەو وەک هەڵۆی کۆسار
لە شاخانەوە بەرئەبیتەو ئەکشێی بەرەوخوار
هێرش ئەبەی بۆ سەر دوژمن وەک قارەمانان
رۆحم وەک سێبەر بە شوێنتا ئەفڕێ بێ وچان

***

برای بەڕێز، ئەی سەربازی ڕێگەی ئازادی!
ئەی تێکدەری کۆشکی کۆنی زۆر و بێدادی!
ئەی پێشمەرگەی کۆڵنەدەری کوردستانەکەم!

ئەی گیانفیدای نیشتمانە پاک و جوانەکەم!

قسەت حەقە و ڕێگات ڕووناک، هێزت بێ پایان

پشتیوانی خەباتی تۆن سەرپاکی جیهان

برای بەڕێز هیوای دڵ و هێزی هەناوم!

لەناو زوڵمەتی ستەما، تیشکی دوو چاوم!

لێم یەقینە سەرئەکەوی بێ شک و گومان

ئێستا دنیا وەرگەڕاوە و گۆڕاوە دەوران

دەور دەوری تەخت ڕووخان و تاج بابڕدنە

دەوری ئیستعمار تۆپین و زۆردار مردنە

11.09.1963

## بۆ ڕێگای خەبات

ئەی پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی

سەرپاک کوردستان چاوی لە تۆیە

ئەم خاکە دیلە و گەلی هەژاری

هومێد و هیوای هەمووی بە تۆیە

ئەم خاکە، یەک ڕۆژ بێ شۆڕش نەبوو

کورد نوێژی چووبێ، شۆڕشی نەچوو

ئەی پێشمەرگەی کوردستانەکەم!

حەق سێنی گەلە بێ تاوانەکەم!

خەباتت پیرۆز، خۆت سەرکەوتوو بی!

لە ناو گەلاندا هەر سپی ڕوو بی!

دەسا هەر بۆ پێش - بۆ ڕێگای خەبات!

بۆ ڕێگای ژیان - بۆ ڕێگای نەجات!

1963

## دەنگی خۆم

برا گوێ هەڵخە وا دەنگێ لە گوێم دێ

دەبیسرێ خۆا لە شار بێ، یا لە لادێ

گمەی دێ هەر وەکوو کۆتری بەهاری

دەڵێ بۆت داستانی بێ قەراری

دەمێ دەچرێ وەکوو هەڵدێری ئاوان

دەمێ وەك ئاوی بێدەنگی شەتاوان

دەمی وەك سروەکەی بای بەربەیانی

زەمانێ هەر وەك ئاوی ڕوونی کانی

دەمێ مارشی خەبات و تۆڵەسەندن

لە دوژمن تووبڕین و ریشەکەندن

ئەمە دەنگی برامە و دەنگی خۆمە

نە دەنگی شای ئێران و دەنگی ڕۆمە

سڵاو بۆ تۆ برای دەنگ خۆش و دەم خۆش!

بە عومری خۆم دەمێ ناتکەم فەرامۆش

هەمیشە گوێم لە دەنگی پاکی تۆیە

دڵم مەفتوونی رێی رووناکی تۆیە

23 ی مای 1961

# گلەیی و بناشت

ئەی شەنگی دەهان تەنگی سەدەف رەنگ، ئەمە کارە!؟

پێکاتم و خۆت لائەدەی، ئەفسووس لە چارە!؟

ناڵەی دڵەکەم دێت و کەچی خەڵکی ئەڵێن پێم،

ئەم بەختەوەرە، کاری لەگەڵ نەغمەی تارە

ئەی زوڵف پەرێشان! دڵەکەم بۆچ ئەشکێنی؟

ئاگابە کە زوڵم ئاخرەکەی  چوبەیی  دارە

مومکین نییە، دەرناچی لە سێڵاوی دوو چاوم

ئەم بحرە نە بن تەرکی، نە لێواری دیارە

نەمزانی کە وەستام لە بەرت دەست لەسەر سینگ،

پێت وابوو ئەبێ بیکوژی هەرکەس ملی لارە!

بولبول لە خەوی عیشق زەمانێ وەخەبەر دێ،

وشکاوە چەمەن، شاخەی گوڵ مەکمەنی  خارە

شەیدایی و سووتان تەوەرە و بستی ژیانن،

هەرکەس کە نەسووتابێ، لە ئینسانی کەنارە

1974

## کانی بێ سەر و شوێن

لەنێو کێوساران لە پای گابەردان

کانییەک ئەجوشا وەک چاوی قڕژاڵ

تنۆکی ئاوی ڕەنگی مرواری

زیخی تەرکەکەی شێوەی زێری قاڵ

کە تێت ئەڕوانی وێنەی ئاوێنە

وێنەی ئەنواندی بە سەد تەرز و حاڵ

زمزم لە حاستی مات و خەجڵ بوو

کەوسەر لەلای وی سوێر و تفت و تاڵ

دوور لە کانییەکە لەنێو داراندا

کۆترە باریکە دەیکرد ناڵە ناڵ

هەندێ لەولاتر جوتێ شۆڕەبی

دەستە ملان وێنەی دوو عاشقی بێ ماڵ

سوێسنە و بەرەزا، هەڵاڵە و بەیبۆن

هاڵابووە ئەستۆی وەکو تاقەی شاڵ

نەرگیز بە خۆی و بەرگی سووتاوی

لەنێو کانیەکە ببووە تاقە خاڵ

بەڵام داخەکەم ! داخی گرانم !

کەس ئاگا نەبوو لە حاڵ و ئەحواڵ

کانیە ساردەکە دەکوڵی بەجۆشەو

چۆڕچۆڕەی دەبەست لە شیو و لە پاڵ

دوور لە ئاوایی و دوور لە خەڵک و خێڵ

ون دەبوو لە نێو قەوزە وەک خەیاڵ

نە کەس دەیزانی کانییەکی وا هەن

نە بۆی دەهاتن پۆلی کیژ و کاڵ

نە خێڵ ئاگادار لە جۆشی قەلبی

ژینێکی بێ خێر، عومرێکی بەتاڵ ! ...

قومێک لە ئاوی نەتکا نێو زارێک

پێی فێنک نەبوو قەلبێکی بێ حاڵ

تەنیا جارجارێک لە گوێی کانییەکە

کز هەڵدەنیشتن دوو - سێ قەل و داڵ

کاروانی رۆژگار سەرجەلەی کێشا

گەردوون هەڵسووڕا و گۆڕا مانگ و ساڵ

ویشکە کانییەکە پڕبوو چاوەکەی

دنیای بێ وەفا کردی پایماڵ

چونکە کەس ئاوی لێ نەخواردبوو

کەس دەری نەدا و کەس نەیکرد جۆماڵ

ڕۆیی وەک نەبوو، لە سەحنەی دنیا

لێی بەجێ نەما نە جۆگە و نە چاڵ

***

دووری لە کۆمەڵ رێگای فەوتانە

هێزی خێڵ و خەڵک پێت دەدا شاباڵ

تێکۆشە چەشنی کانیە بێ خێرە

ون نەبی لەنێو قەوزە و دڕک و داڵ

دووربی لە کۆمەڵ بێ نیشان ئەبی

بە کوێری دەژی و دەشمری وەک لاڵ

کەس لە دەستی تۆ خێرێک نابینێ

نە پیر  نە جەحێڵ  نە ژن   نە منداڵ

ئەگەر گوڵێک بی  لە  گوێی جۆبارێ

کەرێک  یا  گایێ  دەت خوا بە قەپاڵ

گوڵ  بۆ  قەپاڵی  گا   نەخولْقاوە

بۆیە  خولْقاوە  بۆ  جوانی  و  جەمال

چەپکەی  کەن لەگەڵ  شلکە ڕێحانە

بیدەن لە  زولْفی کیژی  چاوکەژاڵ

ئەگەر شەمێک بی و نەسووتێی بۆ خەڵک

بتوێتەوە  لەنێو   خانویەکی  بەتاڵ

داخەکەم بۆ  تۆ،  رەنج بە خەساری!

بە سووتان دەڕۆی بۆ ڕێگای زەواڵ

بەڵام نازانێ  کەس  بە دەردی  تۆ

نازانن سووتای بوی بە کوێی زوخاڵ

ڕووناکیت نەبێ گەر بۆ خەڵکی خۆت

گەر شێری نەڕ بی و ئەگەر کوڕی زاڵ

ئەتۆ بێ خێرەی،  پوولێک   ناهێنی

نێو  و  نیشانت  دەچێ  بە  فیشاڵ

***

کاکی  ئازیزم  لە من  زیز  مەبە!

دەسووتێم  بۆ  تۆ  وەک برا و  هەڤاڵ

من کورد و تۆ کورد ماڵمان یەکێکە

ببڕێ ئەو دەستەی دەیکا بە دوو ماڵ

خۆت  ڕاتەکێنە و  هەستە  یەکجاری

بۆ  ڕزگاری  گەل  بکەین  گڕوگاڵ

وەجاغی کوردان هەڵکەین پێکەوە

من دەستە چیلەم تۆش وەک بای شەماڵ

بیدرەوشێنەوە با من بسووتێم

با نە کووژێتەوە کوانووی گەورە ماڵ

ئەو گەورە ماڵە ماڵی کوردانە

ماڵی بێ شەریک نانێکی حەڵاڵ

"گەر من نەسووتێم، گەر تۆ نەسووتێی

چلۆن دەردەچن کوردان لە کەنداڵ؟"

**ئاگری پووشپەڕی 1337**

# له بەرانبەر نەخشەی كوردستانا *

فدای ئەو خاكە بم رەنگین بە خوێنی قارمانانە!
ئەژی ئەو میللەتەی بۆ حەقی خۆی حازر بە فەوتانە
دە، تف لەو ژینە وا هەر لەحزەیێكی سەت كەڕەت مەرگە
بژی مردن لە رێی ژینا بە شێوەی مەرد و مەردانە
كەسێ بۆ مافی ئازادی گەلی گیانی نەكا قوربان
خەتی كێشن - درنجی كێوییە و داعبای بیابانە!
بەلاگەردانی ئەو شەخسەم بە دڵ خەمخۆری ئینسان بێ
لە لای من وەك یەكن ئینسان چ خۆماڵی و چ بێگانە
بەڵام نفرت لەوەی وا نان بە نرخی رۆژەكان دەخوا
دەمێ قیبلەی لە ئارانە و زەمانێ ڕووی لە كوێستانە!
بەسەر چوو سۆزی زریان وا سەیارەی نەوبەهار دەركەوت
بە كوێری بەهمەن و ئیسفەند، ئەوا نەورۆزی كوردانە!
وەكۆكەن داری دارستانی ئافریقا و ئامریكا
لەدەوری دوندی كێوی "قەندیل" ئاگری دەن، پرومێتیانە*
بە هیوای رۆژی نوێ باز دەن بەسەریا و دەردەكان ڕانێن
بژی نەورۆز و پیرۆز بێ گەشەی ئەم تازە دەورانە!
ئیجازەی "ئاگریی" ش دەن جارێ باز دا و خەم لە دڵ دەركا
كە هەرچەند ئاگرە، سووتاوە خۆی بەم دەردی هیجرانە.

1973

* لە لایەن ئەنیستیتۆی ئێتنۆگرافی ئاکادیمیای یەکێتی سۆڤیەت بە ناوی ن.ن. میکلۆجۆ ماکلای لە ساڵەکانی 1959 / 1960 دا نەخشەیەکی ئیتنۆگرافیك بە ناوی "Hapoger Tlepegmen Aguu" بڵاو کراوەتەوە. کوردستان بە رەنگی سوور رەنگ کراوە. بەڕاستی تەسادوفێکی دروستە. چونکە ئەم خاکە بستێکی نییە کە خوێنی پێدا نەڕژابێ. کاتێ لەبەر دەم ئەم نەخشەیەدا راوەستابووم و تەماشای وڵاتەکەم دەکرد خۆبەخۆ ئەم شیعرانەم بە دڵا رابرد و لە پاشان هاتە سەر کاغەز.

* پڕۆمێتە (پڕۆمێتێۆس) خولقێنەری مرۆڤ لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا. هە ر ئەویش لە کێوی ئۆلەمپ ئاوری بۆ مرۆڤ دزی.

# مافی رەنجبەر

ئەریَ ئەی کاکی پاڵای کۆڵەکوتراو!
ئەریَ ئەی رەنجبەری شان و دڵ ئێشاو!
ئەریَ ئەی لۆدە کا جێگەی شەوانت
بە بار و زەردە، لێوی ئەرغەوانت
ئەری دۆی توورەکە چێشت و پڵاوت
لە ئارەق سوور، و پڕ ئەسرینە چاوت
سەریری جەم فیدای زەنگونی* داست!
سەری شاهان فیدای پینەی کراست!
دڵم وەک پاژنەکەی تۆ پارەپارە
بە وێنەی دەستەکانت پڕ لە خارە
بەقوربانی مەڵۆی ** پرش و بڵاوت!
فیدای نوشتەی سێ سووچی لای کڵاوت!
حەساوە رێبواری غەیرە و خۆ
لە سایەی سێبەری درویَنەکەی تۆ
بەڵام تۆ خواردنت خوێناوی تاڵە
ژن و منداڵەکەت وێرانە ماڵە
تەواوی رەنج و عازابت بە بایە
تەواوی حاسڵاتت ماڵی شایە
ئەتۆ خۆت خاوەنی ئاو و زەمینی
ئەتۆ دەیچێنی و پێکی دەهێنی
ئەتۆ ئاوی دەدەی سەرئاو و داناو
بە تاڵانی دەبا زۆرداری ناپیاو

هەمووی هەر ئاخ و داخە کاروبارت
گەڵاڕێزانە کاتی نەوبەهارت
ژن و منداڵەکەت بێ بەرگ و دڵریش
نیهایەت خواردنت، پیواز و بڕوێش
مریشک و جوجەڵەت بۆخۆت حەرامە
کەبابی مفتەخۆری زگ زەلامە

ئاگری

---

*[* زەنگون، دەوڵەمەند ** مەلو، لۆدەی دەخڵی درواو (هەنبانە بۆرینە). حەسەن زیرەک لە گۆرانیدا بە "مەڵۆ"ی حونجە دەکات.]*

*"ئەم شیعرە لە ژێر کارتێکەریی شیعرە بە ناوبانگەکەی لاهووتی کرماشانیدا هۆنراوەتەوە*

## مردووت مرێ !

سەد دەفعە پێم گوتی کە خەیاڵاتی خاو مەکە،

یەختەن هەموو، تەوەققوعی دەرچوونی پیاو مەکە!

بانگوێژی حەوشەکەت کە خروسێکی ریخنە

بادە بە دەم نەمازەوە، خۆت تەنگەتاو مەکە!

ئێرە فەرەنگە، مردوو لە بەرگا ئەنێنە گۆڕ

دەفنت بە خەرجی دەوڵەتە هیچ فیکری جاو مەکە!

قانع بە بەم چرایە کە پێسۆزی پێ دەڵێن

تۆ هەر پڵیتە بادە، خەیاڵی هەتاو مەکە!

زۆر خۆشە دەوری کورسی، هەوای دۆشەک و لەحاف

میللەت بە تۆ چی!؟ کولبە و کۆمات بڵاو مەکە!

حەیفە کە قوتری ورگی شەریفت ببێ بە ئاو

کەوڵت دەکەن جەنابی پشی، میاوە میاو مەکە!

تا حەشر بنوو، بە جەهەنم ئەوەی ئەبێ!

ئەولادی پرسی و مادی، لە بێگانە چاومەکە

هەر رۆژە ئەهلی مەملەکەتێ سەر بڵێند دەکەن

مردوت مرێ، ببزوێ! ئەوەند ساوە ساو مەکە!

هەرچەند ئەهلی کشوری جەم فوو لە ئاو ئەکەن

تۆ، تف کە لەم قەواعیدە، شیعرت گڵاو مەکە!        1974

## یێکەتی

هۆی نەکبەت و هەژاریە ئەی کاکە، جیایەتی

کانگەی ژیان و هێزە لەبۆ کورد، یەکییەتی

بڕوانەچاوەکەم، چی بەسەر کورد هاتوە

کوڕ بوو لەژێری باری خەما، قەدد و قامەتی

تاڵان کرا، بەدیلی برا، ماڵەکەی رما

پێکوت کرا، لەبن پێ خرا، شان و شەوکەتی

سووتا نەما بەدەستەوە، سەرپاکی مەحو بوو

کوردان بەتۆپ و تانکی عەدوو، خێڵ و خێوەتی

ئاخۆ مەگەر لەرۆژی ئەزەل کوردی چارەڕەش

دیاری کراوە بۆی ستەم و جەور و پەتپەتی؟!

ئاخۆ نەنووسرا لە ئەزەلرا کە قەومی کورد

رۆژێ بژی بەچاکی، بەبێ کەیل و نەکبەتی؟!

ئەی تیشکی چاوەکانم و ئەی کاکی خۆشەویست!

گوێ بگرەلەم برایە لەرووی بەرز هیمەتیی

بەختت بەدەستی خۆتە، ژیانت بەدەستی خۆت!

قەت - قەت مەکە لەبەخت گلە، یا شکایەتی

دیلی و ئەسارەتی گەلی کوردان لەدوو شتە:

یێک دوژمنانی مە، دووهەمی بوغز و جیایەتی

دوژمن بەتۆپ و گوللە دەکا ماڵەکەت خراپ

قووتت دەدا ببیتە بەرەنگاری هەڵمەتی

خۆ- خۆری ژوورەوەش بە مەسەل، عەینی کوێرەمشک

دەکرۆژێ سیلسیلەی یێکەتیی و برایەتی

ئەی کاکی من، هەڵستە دەسا ڕۆژی غیرەتە

بنوێنەهێزی کوردی لە مەیدانی پیاوەتی

بۆوەی نەبی بەدیلی هەموو ڕەزل و ناکەسێ

وێران کە بنج و بێخ و بناوانی جیایەتی!

ئەوسا بنووسە جا لەسەر ئاڵا بەخەتتی سوور:

هەر - هەر بژی هەتا کوو ئەبەد داری یێکەتی!

ئاگری خەرمانانی 1336 [1957]

---

لەدەستخەتی شاعیردا نووسراوە:

*قووتت دەدا کە ببیتە بەرەنگاری هەڵمەتی*

بەڵام دەکرێ بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە:

قووتت دەدا کە بیتە بەرەنگاری هەڵمەتی

*ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/بۆکان*

## راسپاردەیەك بۆ خاكی نیشتمان (بە شێوەی م. خ. نالی *)

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادەكەی بەهار!

ئەی پەیكی شارەزا لە هەموو دەشت و كۆهسار!

ئەی خەم رەوێنی رۆح و دڵەی بێ قەرارەكەم!

موشكل گوشایی خونچە لەسەر سینگی مێرغوزار!

عومرێكە گیری دوورەوڵاتیم و هێشتەكوو

پایانی غوربەتم نییە ئەسڵەن نیشانی دیار

دەستم بە دامەنت، وەرە سا رۆژی هیممەتە

هەستە و بڕۆ و مەوێستە هەتا خاكی كۆیی یار

ئەما بزانە رێگەكەت ئێستا مەخافەتە

خاكی وەتەن كراوە بە مەیدانی جەنگ و غار

جەمعێ بەهۆی فرۆك و دەبابە و رەشاشەوە،

بەربوونە گیانی شوان و سەپانی گەلی هەژار

بۆمبی ناپاڵمە گرمەیی هەور، ئەم بەهارەمان

كارگی چیایە قونبولی مەوقووتی كات ژمار

ئەو سەرزەمینە ماچ كە بە بۆمبا بووە خەڵۆز

لاشەی مناڵ و نێرگسی سووتاوی داغدار

واسڵ بكە سڵاوم و ساتێ بە سۆزی دڵ

فرمێسكی سوور لە خاكی سیای كورد بكە نیسار

ئەوسا بڵێ بە قەومی هەژارم: هەتاكوو كەی،

ساویلكەیی ئەكەیت و ئەبی فەوت و كۆڵەوار؟

هیوات بە خۆت بێ، غەیرە لەسەر سوودی خۆیەتی

باوەڕ بە گفتی پووچی مەكە، كوردە، زینهار!

باوەڕ مەکە بە شیر و بە خورشید و تاجەکەی

بەرخۆڵە چۆن ئەبی نە پرینگێ لە گورگی هار؟

قانوون بەتاڵە، قەولی سەما پووچە، شا درۆ

سابیت بووە بە تەجروبە بۆ ئەهلی رۆژگار

توند بگرە داس و چەککوشی دیهقان و کارگەر

تف کە لە نۆکەر و عەمەلە و خاوەنی دۆلار

ئەی کورد! ئەی عەرەب! ئەرێ ئەی تورک و ئازەری!

ئەی فارس و ئەی بەلووچ و هەموو خەڵکی خاکسار!

بایز! حەمەد! براکە و پیرۆت و مام هەواس!

عەدنان و هورمز و قوڵی و جەمعی دەرەدار

بۆ ئێوە عەیبە یێك بکووژن، بەسییە خۆکوژی

یێك بگرن ئەی هەژار و نەداری لە دێ و لە شار

لادەن لە بیر و باوەڕی ناپاکی گۆڵە نێر[؟]

یێك بن بە قەلبی پاك و بژین ژینی بەختیار

سەربەرز و رووسپی بێ گەلی قارەمانی کورد!

بمرن ئەوەی بە تالعی خەڵکان دەکەن قومار!

مێژوو ئەڵێ: منیش بە وەتەن شوکر و شاد ئەبم

تاقی کراوە ئەم رچەیە سەدهەزار جار

21 ئاوریلی 1974

-----------------------

*[ م. خ. نالی = مەلا خدری نالی]*

*[لە سەر شێوازی شیعرە ناسراوەکەی نالی گوتراوە:*

*" قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!*

*ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو خاکی شارەزوور!"].*

## رێگای لێنین بگرە

پیرە دایكێ كە چرای عومری دهاتە خەفەبوون

راكشابوو بە پەشێویی لە پەنای جێ و بانی

چاوی كز، ڕوومەتی وەك بەرگی خەزان ژاكابوو

باری شین و ڕەشی مردن لە دەم و لێوانی

غەیری ڕۆژی ڕەش و بێچارەیی و بەدبەختی

خاتراتێكی نەبوو بۆ دەمی سەر مەرگانی

سوورە خونچێكی لە گوڵزاری ژیان بۆ مابوو

یانی ڕۆڵەی بەوەفا و شێرە كوڕی تاقانی

بۆ ویداعی ئەبەدی دایكی دەگریا و دەكوڵی

خوێن دەباری وەكوو نیسان لە كلای چاوانی

پیرە، دەیڕوانی بەسەد ئاخ و دوسەد حەسرەتەوە

بۆ تەماشای كوڕەكەی سەیری گوڵ و ڕەیحانی

دەستی لەرزۆكی وەسووڕ هات و بە سەد ڕەنج و عەزاب

گرتی دەستی كوڕەكەی بردیە سەر سینگانی

ئاهی پردەرد و هەناسەی وەكوو ئاگر دەگڕا

چاوی جۆشاو دەكوڵی و قوڵپی دەدا وەك كانی

ڕووی لە چاوی كوڕەكەی كرد و گوتی: "بەندی دڵم!

من دەڕۆم، تەركی دەكەم دار و دیاری فانی

تۆ دەمێنی لە ژیانێكی سەراسەر ترسا

نیشتمانی تۆ پەشێوە وەكوو خۆت دەیزانی

تاكوو ساغ دەرچی لە كێشە و نەبییە چێشتەی تۆپ

تاكوو جەلادێ دەنێ "سیتی" و "میشیگانی"

ئێسك و گۆشتت نە كرۆژن، نەبییە بێچارە

تاکۆ بۆ زاڵمی جانی نەبییە قوربانی،

دەت سپێرم بە مەرامی حەقی لێنینی مەزن

دەت سپێرم بە گەلی رەنجبەری مەردانی

رۆڵە! وەسیەت بێ، ئەگەر بەختەوەریت پێویستە

راهی رووناکی لینین بگرە بە پڕ ئیمانی"

پیرە دوای ئەو قسەیە دەنگی بڕا و رەنگی پەڕی

زۆر بە ئەسپایی ویداعی گوت و دەرچوو گیانی

28ی رێبەندانی 1950

# ڕەنجبەر

ئەرێ ئەی ڕەنجبەر، ئەی پاکی پێگەرد!
ئەرێ یەخسیری دەستی پیاوی نامەرد!
لەبەرچی پیاوی خوێری و بێ لیاقەت
بە فیرۆی ببا ماڵت بە غارەت؟!
لەخۆ دەرچووی، نەفامی، پەستی ناپیاو
لەبەر بێ غیرەتی وەك خیگی ماساو
زەلامی بێ هونەر بێ چاوی بێ دڵ
لە زەحمەت هەر وەکوو گای تۆڕ ئەکا سڵ
تەواوی خوێنی قەلبت عەینی زاروو
هەڵیدەمژێ دەکا گۆشتت بە پاروو
ئەوجۆرەی ئیقتیسادی مرقی خۆشە،
لە خۆشیی دەغڵەکەت کەیفی لە جۆشە
کە* لای داگیرکەری زۆرداری جانی
لەبەر زۆریی حەقت وای دەزانی
کە کوردان و ئەوەی خەڵکی ئێرانە
تەواوی نۆکەری بەردەرکی وانە
تەمای وایە کە پاڵای** کوردی دڵ ساف
ئەوان تێرکات و خۆی قەلبی بکا زاف
ئەرێ ئەی کاکی پاڵا** بۆت نەماوم
وەکوو نیسانە خوێناوی هەناوم
ئەرێ زستان و هاوین ڕووت و عوریان!
لەکاتی بای شەماڵ و سۆزی زریان
شەوی بێداری خەو ناچێتە چاوت

لەبەر ژانی دڵ و دەردی هەناوت

تەواوی شیوەنم بۆ حاڵی تۆیە

فەغانم بۆ کچی چاوکاڵی تۆیە

ئەوا سوێندێ دەخۆم گوێ بگرە کاکە:

قەسەم بەو چاکی هەورامانە پاکە

زەمانی مفتەخۆری و جەردەبازی

ئەوا جێی راوەڕووت و تورکتازیی

بەسەرچوو، دەوری تێکۆشینە ئێستا

وەکوو ئاگرفشان جۆشینە ئێستا

حوقووقی رەنجبەر پاك و عەیانە

ئەوەی حاشا بکا کوێر و نەزانە

ئاگری

جۆزەردانی 1338***/ 1959

---

* لە دەستخەتی شاعیردا وەک 'گە' دەخوێنرێتەوە.

** پاڵە

*** 3 ی 38 هکە زیاتر وەک 2 دەچێت، بەڵام بە حیسابی ڕێکەوتی زایینی دەستخەتی شاعیر خۆی، دەبێ 38 بێت و هەر بۆیەش بە 1338 م نووسی. ماڵپەڕی رۆژهەڵات/بۆکان

## شەڕی شاعیری کورد

من شاعیرێکی کوردم و مەردی شعارمە

کوردم بە کوردی بووم و ئەوەش ئیفتخارمە

ڕۆحم وەکوو تروپەیی کوێستانی "ئاگری"

بەرز و بڵیند و پڕ تەم و هەور و غومارمە[؟]

شیعرم میسالی قەڵبەزی "قەندیلە" ڕوون و ساف

کوردانە میحوەرم، خەمی کوردان مەدارمە

قەلبم وەکوو چرایە دەسووتێ بە عەشقی کورد

خاکی وەتەن قەرارمە، هەم جێی مەزارمە

ئەی قەومی کورد، ڕۆح و گیانم فیدای تۆ!

پێناوی تۆیە سەروەت و دار و نەدارمە!

هەرچی هەیە لە باب و برا و خزم و ئەقرەبا

قوربانی خاك و کەوشەنی کوردی هەژارمە

خۆم ماوم و هەناسەیی ڕووتیم و والسلام

ئەو گیانەشم لە ڕێگەیی کوردا نیسارمە

چەوتیی زەمانە زۆری بە من داوە ڕۆژی ڕەش

دەستم نەلەرزێ چوونکە لە پۆڵا دەمارمە

مەسلەک گەنم نییە کە ئیداراتی اقتصاد

تاڵانی کەن بە پووت و بە کیلە و تەغارمە

تووتن نییە مەرامی موقەدەس کە دوژمنان

داگیری کەن لە شیش و لە گۆنی و خەرارمە

فیکر و شعوور و مەنتقی من نەوت خۆ نییە

غەسبی بکەن بە زۆر و بە حیلە و قومارمە

ئە و مەسلەك و مەرام و ئەم فیکر و مەنتیقەم

زادەی برینی جەرگ و دڵی داغدارمە

ئەوڕۆ ئەسیری دەستی ستەمکارە میللەتم

سەرچاوەیی هەژاری لەلیرە و دۆلارمە

منداڵی ئینقلابم ئەگەر پڕجەسارەتم

ناناڵم و لە ئاه و لە فرمێسك عارمە

تیغی دەبانم و بە بڕشتم بەلەت لەتیش

مەردیی شەعار و کارمە، غیرەت وتارمە

گەردن مەنێ بە لارەوە کاکی عەزیزی من!

ئەوڕۆ و سبەینێ کاتی شەدە و پێچی لارمە

ئاگری

خەرمانانی 1328 [1949]

---

ئەم فەردانەش لە دەستخەتی شاعیردا دەبینرێن کە هێڵین بەسەردا کشاوە، بەڵام بۆ پاراستنی ئەمانەت من لە پەراوێزدا دەیانهێنم:

1. دوای فەردی سێهەم:

*فیکرم بەرین و ڕێکە وەکوو دەشتی شاروێران*

*حەربەم بەیان و قافیە شیعری سواومە*

2. دوای فەردی هەشتەم:

*دەست و دڵم- کە دەست و دڵی کوردە، نابەزێ*

*وەک 'ئەربەبا' و ' گاگەش' ە عەزم و ویقارمە*

3. دوای فەردی دوازدەهەم:

*هەرکەس کە خاوەنی شەرەف و عەزم و هیممەتە،*

خوێن دێ لە قەلبی بۆ وەتەنی دڵفکارمە

4. دوای فەردی چاردەهەم:

*ڕۆڵەی قیام و نەهضتم و نووری ئینقیلاب*

*پڕشینگ ئەخا لە چاوی گەشی پڕ شەڕارمە*

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/بۆکان

# وێنەیەکی دڵڕفێن

دڵەکەم کەوتە کوتە و کەوتەڕێ
چوومە بەر ماڵی نیگاری نازدار
ڕوبەڕووی پەنجەرەکەی ماڵەکەیان
چوومە بان بەردێ بە بێ سەبر و قەرار
هەر دوو چاوم بڕییە پەنجەرەکەی
چاوەڕێی دیتنی یاری دڵدار
بێ ئەوەی چاو بترووکێنم ئەمن
میسلی ڕۆژووگرە پیاوی دیندار،
کە شەوی جێژن لە دووی مانگ ئەگەڕێ
دەڕووانیم لە کلای دەرك و حەسار
لەپڕا دیم کە لە پشت پەنجەرەوە
دیارە تارماییەکی موبهەم و تار
وام خەیاڵ کرد کە لە پشت شووشەکەوە
یارە وەستاوە بە لەونی غەمبار
سوورییەك دیار بوو وەکوو تارای برك
یا وەکوو سوورە گوڵێکی گوڵزار
لە وەسەت ئەو پەڵە سوورایییەدا
پەڵەیێکی ڕەشی میسلی ژەنگار
لە وەسەت ئەو ڕەشەدا سپیایی
وەکوو زیوێ کە لە قول بکرێ نسار
گوتم ئۆخەی ئەوەتا گەیمە مراد
مانگەکەم هەڵدێ لە گۆشەی کۆسار
گوتم ئەو سوورییە دەسماڵیەتی

ڕەشیەکەش زولف و دووپەلکەی ڕەشە[مار]

سپییەکەش ڕووی وەکوو سیمابیەتی

ڕوومەت و چاڵی چەنە و خونچەی زار

ئەلغەرەز، مەنزەرە جەزبی کردم

هەڵفڕی هۆش لە سەرم وەك شمقار

ئەودەمەی غەرقی تەماشا بووم، دیم

خشپەیەك دێ لە تەنیشتم بە وقار

لەپڕا دەستێ نرا سەر شانم

سۆزی ئاهێك[ی] لە گوێم هات لە کەنار

من سەراسیمە، کە ڕووم وەرگێڕا،

دیم ئەوا یار بە سەد لەنجە و لار

مات و بێ دەنگ لە لام وەستاوە

هەر ئەوەم دی لە کەفم دەرچوو قەرار

گوتم ئەی یار! بڵێ تۆخوڵاکەی

ئەمە گەر تۆی، چییە ئەو مەنزەری تار؟

جوابی دامە و گوتی ئەو مەنزەرەیە

ڕەنگ و نەخشە و نییە چیدیکە[؟] هەژار!

ئەوە وا سوورە، دەزانی چ شتە؟

عەکسی ڕەنگی شەفەقی لای ئێوار

ئەو ڕەشەش وا تۆ دەڵێی زوڵفی منە،

عەکسی هەورێکی ڕەشی فەسڵی بەهار

ئەو پەڵەش وا سپییە وەك ڕوخی من،

ئینعکاسێکە لە تیشك و ئەنوار

وەرگەڕێ لەو گەلێ عەکسانە، گوڵم!

وا لەنێو پەنجەرە دا لێتن دیار

ڕوو لە من کە، کە حەقیقەت ئەمنم!

بووم و هەم، تاکوو بمێنێ ڕۆژگار

ئاگری

باکۆ 959[1]

## زایەڵەی دڵەکەم

ئەرێ ئەی نازدار، نازدارەی باوان!*

سەوزە ئاوەنیای لە پاش کەشاوان!

پەرچەم هاوریشم، ددان مرواری!

وێنەی بارەکەو لە دەم نساری

چاوان گەلاوێژ، مەمکان وەك قۆری

گۆنات کلیلەی بەر زەردە خۆری

خۆزگەم بەو خاکەی وا لەژێر پێتە

بریام بە سێبەر دایم هاوڕێتە

بریا من بایەم لە جێی دەسرۆکەت!

ساتێ دەهاڵام لە دەور ئەستۆکەت

لەمێژە ئازیزا! های لە خەیاڵا

بە ڕۆژ و بە شەو لە مانگ و ساڵا

لە دەور حەوشەکەی وا تۆ های تێیدا

هەر تەواف ئەکەم وەك عاشقی شەیدا

بەڵام داخەکەم، من کوێ و تۆ لە کوێ؟

گەردوون بۆ ئەبەد لێکی کردین جوێ

تۆ گوڵانێکی بۆن نەکراوی

تاقە قورینگی لە دەم شەتاوی

ئەتۆ ئەستێرەی نێو کاکەشانی

وینووسی ئاسمان، خوڵای جوانانی

تۆ ئاسکی وەحشی دەشتی تەتاری

چاوی ڕاوکەران نەیکردووی دیاری

بەڵام من ئەی داد، ئەی داد، ئەی بێداد!

گوڵم با بردوو لاوێنیم بەر باد
من کوێ و تۆ لە کوێ، شۆخی گوڵ ئەندام؟
لە جێی پەپوولە بریا سووتابام
زمانم لاڵ بێ شۆخی دامێن شۆڕ
لە شاخ خاسە کەو لە دەشتایی پۆڕ
بێ تۆ من بڕۆم لە سەحنەی دنیا
پڕ بن چاوانم لە خاکی سیا
چرای خانووی دڵ بکوژێ بە جارێ
ببم بە چێشتەی گشت مێرو و مارێ
ئەودەم عیشقی تۆ و خەیاڵی باڵات
لە کام خانووی تر جێ دەگرێ هەیهات؟
قەستەم بە قوڵپەی کانیە غومارۆ
بە خاکی پاکی لەیلای ڕەنجەڕۆ
*"باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تون*
بانەنا لەگڵ ئاستانەکەی تۆن"
یاخوڵا ئاوا بێ باڵاخانەکەت !
دایم پڕ نوور بێ دیواخانەکەت !
*"ئەگەر مەیلەکەت فەراموۆشم بێ*
*سفیدەی کەفەن باڵاپووشم بێ"*
خێڵ - خێڵ چاوکاڵان دیدە شەهلایی
ئەگریجە باداو پەلك خورمایی
بەلەك بلووران سینە پان و پۆڕ
کڵاو لارەولار داوێن شەك و شۆڕ
هاتن بە بەرما و ڕۆین ، ڕابردن

بە قەڵای قەلبم زەفەر ناوەردن

ئەتۆ تێکت دا قەڵای ئەسکەندەر
ڕۆحی هەژارم کرا دەربەدەر
ئەی مانگی چاردە، های لە پەنای کۆ!
گەردن هەڵێنە رۆحم فەدای تۆ!
با بە تۆ بێژم سرڕی دەروونم
تۆ وای تێمەگە ئەمن زەبوونم
سووچێکی قەلبم وەك قەبرستانە
هەر قەبرەی خاوەن دووسەد دەستانە
لەو قەبرانەدا ناژراون بە ڕیز
چەند برای گیانی و چەند دۆستی ئازیز
جەحێڵیەکەی خۆم یەکێك لەوانە
دووهەم شەکراوی لێوی جوانانە
سێیەم مۆسیقا و ڕەقس و چۆپییە
تۆ وای تێمەگە ڕۆحم سۆفییە!
ئازیز! سوێند دەخۆم بە جوانی جوانان،
بە پڕشەپڕشی ئەستێرەی بەیان
لە دنیای ڕوونا وشکە سۆفی نیم
بە بێ تیشکی ڕۆژ لە دنیا ناژیم
بەڵام حاڵی بە بۆ تارکە دنیام،
لە دنیای عیشقا ماوم بە ناکام
ناشتم لە دڵا لەززەتی جوانی
جەحێلییەکەی خۆم کردە قوربانی

لە دایك  بێ بەش،  لە باب بە دوور مام
غوربەت بوو بە خوشك، هیجران بوو بە برام

بۆچی؟ لەبەر  وەی  عاشقی    کوردانم
عاشقی     ڕزگاری    بۆ    کۆمەڵانم
'دڵێك   و   دوو  دۆست'  کاری    سپڵانە
راستیی   و   یەکدڵی    ڕێگای پیاوانە
ئەمنیش  وەك  پیاوان،  ڕێی پیاوانم گرت
هەمووم   فڕێ دا    و   کوردستانم گرت
ئازیز،  خۆم  قوربان دوو چاوی  مەستت!
ڕۆحم   ئاوێزان    دەسرۆکەی  دەستت
هەرچی دەتبینم، ئەگەر دەگرێ جۆش
بە فرمێسکی سوور سا دەیکەم خامۆش
بەڵام  داخەکەم  من کوێ و تۆ لە کوێ
گەردوون بۆ ئەبەد لێکی کردووین جوێ"**
ئازیز،  هەی ئازیز،  سوور گوڵی باغان!
چووزە  ڕێواسی    داوێنی    شاخان!
جەحێڵیم      کردە     فیدای     مەرامم
ناشتم      لە     گۆشەی    قەلبی  ناکامم
عشقی   تۆش   دەکوژم    هاوار بەماڵم
با  بە  دەستی    خۆم    بشکێنم   باڵم
بژی   مەرامم !         بژی   ناموسم !
لەو    مەبەستەدا     چی  دی   نانووسم
ئەتۆش   دەسپێرم     بە ناموسی  خۆت

عیشق و سەعادەت ئارزوو دەکەم بۆت.

ئاگری

باکۆ 1958

---

* ئەم شیعرە بۆن و بەرامەی شیعری 'سەوزەی هەمزەبەگ' ی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی پێوەیە کە بە گۆرانی دەگوترێت و دەڵێن نەمر سەیفولقوزاتی قازی هۆندوویەتەوە:

*"سەوزە هەی سەوزە، سەوزەی واشە چەم!*

*ئاو لە شەتان خۆر، پەڕەی گوڵ بەدەم!*

*بۆچی نامانکەی بە نەزری خاڵان،*

*بەندە ڕزگار کەی لە بەندی ماڵان!"*

** شاعیر دوای ئەم فەردە، سێ فەردی دیکەی نووسیون و پاشان کووژاندوونیەتەوە.

بە داخەوە هیچیانم بۆ نەخوێنرایەوە. ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات

# گامێش خەجێ

گامێشێكی ڕەشمان بوو، نێوی "گامێش خەجێ" بوو
شاخ پان و تەنگە ئەستوور، هەمووشتێكی بە جێ بوو

چاو سوور، كەپۆ فراوان، كلكی دەتكوت ڕەشمارە
هەر خەریكی كاوێژ بوو، ڕۆژ هەتاكوو ئێوارە

كە بینی بۆ دەخواردەو لە ناو قوولاییی و گۆما
دەتكوت "تحت البحری"یە بۆی دەكشا بەژێر چۆما!

بەرگەی ورگی نەدەگرت نە كادێن و نە تایە
جار جار بە ناز دەرەوشی هەر دەتكوت بووكی شایە

زیانە خرۆی وەك گامێش ڕەش نەبوو لە نێو گاڕانا
دایم چاوە چاوی بوو لە ڕەپستەی جیرانا

ڕۆژێك كاتی ئێوارە گاڕان لە كێو گەڕاوە
گامێش خەجێش وەژوور كەوت هەڵوەستا بەسەر پاوە

دووسێ جارێك حۆقاندی و خۆی هەڵساوی لە دیوار
دایكم كە حۆقەی وی بیست، لە ماڵێرا هاتە خوار

لاگوێلێ (1) خوێی بۆ هێنا لەگەڵ هێندێك نانە ڕەق
گامێش خەجێ ئەوەی دی، لەخۆشیان چاوی بوو زەق

كە نانەكەی هەڵلووشی و هەموو خۆێكەی لێستەوە
سووكێك چوارپەلی دادا و خۆی بەلادا خستەوە

تومەز وەختی خەوی بوو خەجێ دەبوو پاڵكەوێ
دایكم دووسێ "یەل!"ی گوت، ویستی لە كلكی نەوێ

خەجێ هەستاوە سەر پێ و چەند جیفڕكێكی هاویشت
دایكم بە دەوریدا هات لەم تەنیشت و لەو تەنیشت

پەلخەكەی هێنا ژێری و گوانەكەی نا نێو زاری
خەجێ لایەك بە خۆشی و لایەكیش بە ناچاری

پەلخەكەی بڕێك مژاند بەڵام تاقەتی سەر چوو
ویستی دیسان پاڵكەوێ نمەك نەزانی بەد خوو

دایكم مەڕدۆشی هێنا و نیشتە سەر بەردەبیری
ڕەنجی خەجێی كێشابوو دەیویست ببینێ خێری

دەستی برد بۆ گوانەكەی خەجێ لەقێكی لێدا
دایكم دیسان بە خۆشی، هات بە دەوروپشتیدا:

**"توێ توێ! چاوەکەم، توێ توێ! توێ توێ عەمرەکەم، توێ توێ!**
**خەجێ خەجکە خەجانە! زوو بەشووت دەدەم، توێ توێ!"**

بە هەزار دەردیسەری گامێش [ە] ڕەش شیری دا
هەرچی قوونەجووڕەی کرد، دایکم گوانی بەر نەدا

لەپڕ لەبان کادێن ڕا لە سەر تایە وێنجەوە
باقە وێنجێك بەربۆوە کەوتە تەرکی حەوشەوە

خەجێ کە وێنجەکەی دی چاوی پەڕییە بان سەری
هۆشی لە دنیا بڕا و ئاو لە زاری دەرپەڕی

پەڵخەکە ڕاوەستابوو لەبەر لمبووزی خەجێ
چاوەڕێی بوو کە دایکی بیلسێتەوە دەست بە جێ

بەڵام لە سوێی وێنجەکە خەجێ لەبیری چووەوە
کە دایکی پاڵاخێکە و دەبێ بیلێسێتەوە

شاخێکی وای تێسرەواند پەڵخەکە بە جارێك مرد
سێ گەز بازراقەی بەست و لینگەفرتەی دەست پێکرد

خەجێی چڵێسی نەوسن، چاوی بڕیبووە وێنجەکە
دەتگوت مورتازی هیندە و خەریکی هیپنۆتیزمە

پاشووی  لە  پێی  دایکم  ناو  و  قامکەکانی   پڵیشاند
لەقێکی  چەپی  هاویشت  تۆزە  شیرەکەی   ڕژاند

بە  هەڵە داوان  ڕۆییشت  تەپی  دا سەر وێنجەکە
نە چاوی لە بەر پێی بوو و نە گوێی لە "یەلێ، مەکە!"

خەجێ  شیرەکەی  ڕژاند ،  قامکی   دایکمی   پڵیشاند
پەڵخەکەی  نیوە گیان  کرد  هەموو  عالەمی  شێواند

بۆ خاتری  باقێك  وێنجە وەخت بوو وێران  كا حەوشەش
دایکم حەقی بوو پێ گوت: "دەك سندان کەی، گامێش رەش!"

ئاگری   ئەیلول [سپتەمبر] 1954

---

*ئەمر دوکتۆر عەلی گەلاوێژ وەستایەکی کەم وێنەی کەڵک وەرگرتن لە چیرۆکی تەمسیلی بوو و نموونەی باشی کارەکانی چیرۆکی "زووحەیاتەین" ە، هەروەها لە نێو ئەو شیعرانەشیدا کە ئێمەلە ماڵپەڕەکەدا بڵاومان کردۆتەوە، ئەم ڕاستییە بە باشی دەردەکەوێت. دیارە لە بارودۆخی ئەودەمەی سۆڤیەت و ئازەربایجانی سۆڤیەتی کە گەلاوێژی تێدا دەژیا، گەلێک ڕاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبوایە لە پەروپێستدا بگوترێت و لە چاوی دەزگا ئاسایشەکان دوور ڕابگیرێت. ئەم شیعرە، چەمک و شێوازی ئاشکرای تەمسیلیی هەیە بەڵام دەبێ ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە ببرێتەوە سەر مێژووی سیاسی ئەودەمی کوردستان و ئێران بەتایبەت ئەوەی کە تەنیا ساڵێک دوای هەرەس هێنانی حوکمی دوکتۆر محەممەدی موسەددیق و سەرکەوتنی کودیتای ئەمپریالیستیی 28 ی گەلاوێژی 1953 لە ئێران گوتراوە. وا هەیە ڕووی تەوس و توانجی شاعیر لەو ڕێبەر یا ئەو حزبە سیاسییانە بێت کە دوای سەرکەوتنی کۆدێتا، ئەرکی داکۆکی کردن لە خەڵکیان لەبیر کرد و سەریان لە نێو ئاخوڕی ڕژێمی شا*

*نا. گەرچی حزبی توودەی ئێران – کە گەلاوێژ ئەندامی وەفاداری بوو، لەگەڵ موسەددیقدا ناکۆکی هەبوو بەڵام ئەو ناکۆکییە بە ڕادەیەک نەبوو کە موسەددیقی زیندانی کراوی دەستی شا بە خائین دابنرێت و بگوترێت ڕووی قسەی گەلاوێژ لەو بووە. لەبیرمان نەچێت کە لەو ساڵانەدا خەڵکانی "پەشیمان" و هەلپەرست زۆر بوون کە ڕابردووی خەباتی خۆیان لەبیر بردبوەوە و لە سەر ئاخۆڕی پڕئاڵفی ڕژێمی شا هەڵترووکا بوون. شیعری "هەڵۆ" ی دوکتۆر پەرویزی ناتێل خانلەری کە بنەمای شیعری هەڵۆی مامۆستا هەژار و کاک سوارەشە، لە دەوروبەری هەر ئەو ساڵانە و بۆ ئەو کەسانە گوتراوە کە بەرژەوەندیی خۆیان ناخەنە بەر قازانجی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت دوای ئەوەی دوکتۆر خانلەری خۆی بەو دەردە چوو و پۆستی وەزارەتی فەرهەنگی شای قەبووڵ کرد، گەلێک کەس لێی دڵمەند بوون و شیعری هەڵۆی خۆیان بە چاودا دایەوە؛ دوکتۆر "عەدنان مەزاریعی"ش درێژەیەکی بۆ شیعرای هەڵۆی خانلەری نووسی کە لە سەر هەمان کێش و سەروا دەڕۆیشت و تێیدا هەڵۆ لە بەرزەفڕی پەشیمان دەبووەوە، لە بەرزایی ئاسمان دەگەڕایەوە سەر زەوی و لە سەر ئەو سەرانگوێلکە دەلەوەڕی کە قەل (واتە، شا) ڕێنموونی کردبوو(سەد بریا ئەو شیعرەش وەربگەڕایەتە سەر کوردی).*

*دیارە دەکرێت ڕووی قسەی شاعیر لە کەسایەتییەکی کوردیش بێت واتە شیعرەکە نەک لە پەیوەندی ئێران بەڵکوو لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی کوردستاندا سەیر بکرێت. ئەوانەی وا گەلاوێژیان لەو ساڵانەدا ناسیوە وا هەیە کلیلێکیان بۆ کردنەوەی ئەو قفڵە پێ بێت.*

1) لاگوێل = لاوێچ

## تاقە دارەکە

تاقەدارەکەی لەسەر ئاسۆگان
خۆم بم بە قوربان تاقی و تەنیاییت!
ئەو دەستە بشکێ وا تاقی خستی!
وا بوو بە باعیس دووری و جیاییت!

*****

چوار دەورەت خۆڵە و عەرزی سووتاوە
لاییکت لێژیی و لاییکت بەندەن
لە تۆ دەپرسم ئەی تاقە دارە:
بۆچ ئەم چۆڵگەیەت کردۆتە مەسکەن؟

*****

کاتی بای زەبەند بە تاقی تەنیا
سینگ وەپێش ئەدەی وەك پاڵەوانان
با دەتچەمێنێ و باران دەتکوتێ
خۆت ڕائەژەنی بە هەوای تۆفان

*****

ئەی تاقەدارە! بەسییە تەنیایی

وشكان باشترە لە تەنیا ژیان

بۆچ لەو سەركەلە ڕیشەت كوتاوە

چاو لە عاسمانی بۆ دەنكێ باران

بێشە و دارستان - لێوارەی كانی

لە سات دانیشن دۆست و دڵداران

1961

# عەقڵم هاوارە !

سێ ڕەکاتی نوێژ لە کابەی عەقڵا

عەقڵم هاوارە ! عەقڵم هاوارە !

ڕێگا بێ پایان ، منزڵ نادیارە

زەمین تەنگەبەر ، ئاسمانان تارە

ژیانمان "ئەمساڵ خۆزگە بە پارە"

****

هێندێ نان ئەخوا لە ڕێی جاسووسی

ئەفرۆشێ سەرپاك ناو و नامووسی

خەڵکیش بانگ ئەکا بۆ زەمین بووسی

دەم دائەپچڕێ دێوی ئەیوسی

****

عەقڵم هاوارە ! عەقڵم هاوارە !

پەنات بۆ دێنم ، چارم ناچارە

با ئەمنیش کوێر بم ، تۆ چاوساغم بە

نەوەك ؟؟؟ بم لەم ڕێگا خوارە !

عەقڵم هاوارە !

عەقڵم هاوارە !

ئاگری 1973

## قسەی كیژی كورد [1]

١

من كیژی كوردم وەك براكانم

شەیدا و پێشمەرگەم بۆ نیشتمانم

٢

بە بای كوردستان پشكوتوە چاوم

بە نانی كوردان گەورە كراوم

٣

دایكم بە كوردی لای لای بۆ گوتووم

بۆوەی بمێنم، سەد چاكی بردووم

٤

بابم بە ڕەنجی شان و پیلی خۆی

بۆی پەیدا كردووم نانە ڕەق و دۆی

٥

كزەی بەیانی هاوڕازی من بوو

هاوەڵ كایەی من، كیژی پرچن بوو

٦

بلوێری شوانان هاوڕێی ناڵەم بوو

كەوشیشم نەبا جووتێ كاڵەم بوو

٧

خاوكان و دولا و نەخشی بێ پووڵە

تەون و ڕەنگ و ڕیس، گورزە و گلولە

٨

ماشەر و تەشی گۆرەوی و كراس
زەرتكە و زاخ و گوێز، گەڵوان و ڕۆنیاس

٩

سەنعەتی منن ئەوانە پاكی
دایم كۆشیوم زۆر بە چالاكی

١٠

زۆر سادە ژیام لەنێو خەڵك و خێڵ
وەكوو مادموازێل نەم كرد فڕ و فێڵ

١١

نینۆكم كول بوو نەم كرد مانیكۆر
فڕم دانەنا لەسەر زوڵفی سوور

١٢

تیئاترم نەدی و سینەما نەچووم
لەگەڵ هەمووو كەس بێ ئیفادە بووم

١٣

نە پوودرم ناسی و نە ڕەنگی ماتیك
نە قۆندەرەم ویست، نە پاژنە باریك

١٤

ئەگریجەم بادا بەم لا و بەو لا دا
داوێنی پاكم لێ كرد بەلادا

١٥

چارۆكەم كۆڵ كرد، پشتێنم لێ بەست
ئارەقەم سڕی بەم دەست و بەو دەست

١٦

زەحمەتم کێشا و نانم پەیدا کرد
دەستی سواڵکەریم بۆ لای کەس نەبرد

١٧

نە پاڕامەوە لە هیچ حاکمێك
سەدەقەم نەخواست لە هیچ زاڵمێك

١٨

رۆژم ڕابوارد زۆر بە هەژاری
بە کۆڵ هەڵمگرت باری خەمباری

١٩

بە چاوی خۆم دیم برام سەربڕا
لە هاوخوێنانم چەندین زگ دڕا

٢٠

کوڵی بۆ تۆڵە، خوێنی خاوێنم
بە شیعری خوێنین خۆم دەلاوێنم

٢١

تەم و تاریکی و خەم و هەژاری
بێ شك لادەچێ لە کوردەواری

٢٢

بە کەیفی خۆمان دەگەین بە ئاوات
زامنی فەتحە حیزبی دیموکرات

٢٣

بۆ حیزبەکەمان گیانمان فیدا کەین
دەست دەینە دەست یەك دەردمان دەوا کەین

ئاگری

جۆزەردان 1328 / مە 1949

---

[1] " قسەی کیژی کورد " یا "دەنگی دڵی کچە کورد"

**روونکردنەوە:**

شاعیر هەندێک لە فەردە شیعرەکانی کووژاندۆتەوە و بابەتێکی تازەتری بۆ داناون. من بۆ پاراستنی ئەمانەتداریی، لە خوارەوە هەموو ئەوانەی وا هێڵێکیان بەسەردا کشاوە دەنووسمەوە. ئەم کارە بۆ شوێن هەڵگرتنی بیری شاعیر و ئەو بوارانەی وا مێشکی شاعیر پێیاندا تێپەڕ بوون، بەکەڵکە. هەر بەو ئامانجەش ژمارەم بۆ فەردەکان داناوە کە خوێنەر بتوانێت شوێنی ڕوونکردنەوەکانی من هەڵبگرێت:

٦

*بلوێری شوانان ئۆرکێسترم بوو*

*کاتی کارکردن زۆر خۆشترم بوو*

١٠

*زۆر سادە ژیام لەنێو چادر و خێڵ*

دوای ١٦

*سەری مەغروور و پڕ ویقاری من*

*قەت دانەنەوی لەبەردەم دوژمن*

دوای ١٨

*هەزار بەدبەختیم بەسەر هاتووە*

*تامی خۆشبەختیم قەت نەچەشتووە*

دوای ١٩

*هەر ماڵە کورد بوو بەتاڵان دەچوو*

*لووسکەی تارانی پێی خەنی دەبوو*

دوای ٢٠

*زۆر بە یەقینی من لێم عەیانە*

*لەپاش شەوەزەنگ نووری بەیانە.*

## بەهاری تاسە و تامەزرۆیی

بەهارە و خاکەلێوە، کێو و کەژ تارای گوڵی پۆشی
لە بەرزا هەور گرماندی و لە عەرزا کانیەکان جۆشی
شەماڵ وەك خاسە کەیبانوو خرینگەی بەند و مووری دێ
بەرهەڵبێنەی لە خۆی داوە و بە لایدا کردەوە کۆشی
دەماڵێ بەفری ڕێبەندان لەسەر خێڵگەی گوڵاڵەی سوور

*****

لە دوندی "ئاربەبا" ڕا سەیری شێوی دۆڵی بانەم کرد
لە نووچکەی کێوی "سوڵتان" ە و نەزەر لەم خاکە جوانەم کرد
لە سینگی هەڵقوپاوی "ئاگری" بڕوانە زامارە
لە جێگەی هەر دڵۆپێ خوێن دوسەو نەرگیز دەکا شیوەن
لە داخی ئەو گوڵستانەی بە بای سەرسەڕ کرا خاپوور

*****

بە ڕۆژ و شەو لە یادمدای وەتەن، یاخودا فیدای تۆ بم!
لە داخی دەردی تۆ تاکەی لەگەڵ خەم دەستە و ئەستۆ بم؟
ئەتۆ تا کەی لە زنجیر دا ئەناڵێنی و ئەناڵێنی
ئەمن تا کەنگێ ڕەشپۆش و خەریکی شین و ڕۆڕۆ بم
لە هیجری تۆ کوڕانی تۆ هەتا کەنگێ ببن ڕەنجوور؟ *

*****

لە سەیری کوردەواری تێر نەبووم کوردینە! باوەڕ کەن
کە من مردم بە ئاوی چۆمی "سیروان" غوسڵەکەم دەرکەن
لەسەر کێوی "وەنەوشە" قەبرەکەم وا هەڵکەنن یاران
لە 'قەسر' ەو تا 'ئەرەس' دیاربێ لە بەردی کێلەکەم مەوتەن
لە خاکی پاکی کوردستان لە کفنم کەن لە جێی کافوور

*****

ببورن خۆسەویستانم ! لە دەست خۆم دا نەبوو خامەم
ڕفاندی کاغەز و خامەم لە دەست ئەو جەرگە پڕ زامەم
قەڵەم بێ ئیختیار نووسی بە سۆز ئەو داد و هاوارە
کە ئەژنەوتی لە سازی دڵ کزەی ئەو عەشقە ناکامەم
لە فەسڵی گوڵ بە یادی گۆڕی ناکامان کرا مەجبوور

*****

ئەمن خۆ کوندەبۆی سەر بەردە کێلی خاکساران نیم
کزۆلەی نۆحەخوێنی پاشە مەرگی لێو بە باران نیم
لە فەسڵی نەوبەهارا یادی گوڵڕێزی خەزان ناکەم
لە کاتی نوخشەدا تەرزە و سەهۆڵ و کوێرەباران نیم
لە خەڵك و ژینی پیاوانەی وەدەست دێنم ژیان و نوور

*****

بەهارە و خاکەلێوە ... سەرملان گا هەور و گا ساوە
لە چەشنی بەبری تووڕە ئاسمان نێوچاوی گرژاوە
لەسەر کێوان و ئاسۆگان گوڕەی هەوری بە هاڕەی دێ
دەڵێی هاڕەی تفەنگی کوردە وا دایم لە چوارلاوە
دەلەرزێنێ هەتا سەر پشتی گاڕەش بەندن و ماهوور

*****

ئەرێ ئەی دڵ! لە خەم دەرچۆ، ئەوا دەورانی جوانی دێ
دەڕازێتەو بە چل ڕەنگان لقی ڕووتاوی داری عوور
ئەرێ بولبول! مەناڵێنە، لە باخا خونچەکەت پشکووت
دەچی بۆ بەزمی کوردان، ساز کە سازی سینە وەك سەمتوور
ئەوا گرمەی دەهۆڵ و سیرەسیری پیرە زوڕنا دێ
دەهێنن بووکی ئازادی لە بۆ کوردان لە ڕێگەی دوور
ئەرێ زاوا، بەرەوپیری! برازاوا، دەسا غاردەن!

*****

سمێڵ بادەن کوڕینە! کیژەکان سازکەن کلە و کلتوور!
گوڵ و ئاوێنە هەڵبگرن، ببەن دەسماڵی هاوریشم!
لە خۆ دەن جا قەتارەی گۆ، ببستن بەندەك و بەرموور!
ئەرێ ئەی بووکی ئازادی، دەسا بێ! جەرگەکەم سووتا
لە دووی تۆ وێڵ و ئاوارەم وەکوو مووسا لە کێوی توور

گوڵم ئەگریجەکەت لادە و لەسەر، تاراکەت هەڵبگرە
بکات شآباشی باڵاکەت گەلی ئەستێرە کۆگای نوور!

ئاگری

ژۆئن 1957

---

- شاعر هێڵێکی بە سەر ئەم بەندە شیعرەدا کێشاوە، بەڵام من وەک ئەمانەتدارییەک لێرەدا هێنامەوە.

**پێرست:** **لاپەڕە**


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 1 |
| بۆ ڕێگای خەبات | 5 |
| هیوای دوارۆژ | 6 |
| بەرگی نوێ | 7 |
| زستانی کوردستان | 8 |
| کارەساتی تەمەن | 10 |
| هەر دەمێنم | 12 |
| ئەی ئەو کەسەی وا نامناسی، یا دەمناسی و خۆت گێل دەکەی؟ من کێم؟ | 15 |
| چاو کەوگ | 17 |
| پاش بیست و حەوت ساڵ | 18 |
| ڕێگەی من | 20 |
| سەهۆڵ بەندان | 21 |
| ئەیزانی | 23 |
| دارێکی هەزار ساڵە | 24 |
| قسەی وەرزێر | 26 |
| هەرزن، بزن، چیای مەزن! | 29 |
| سڵاوی دوور | 31 |
| ئەی کوردستان | 32 |
| بەران کێوی و " شارەزا " | 34 |
| چێ بکەم !؟ | 37 |
| بابێ | 38 |
| برسی | 39 |
| لاوە گیان | 24 |

| | |
|---|---|
| دوژمن بمرێ ! | 44 |
| بانگی برایەتی | 46 |
| بەهاری تاسە و تامەزرۆیی | 49 |
| برای بەڕێز | 52 |
| بۆ رێگای خەبات | 54 |
| دەنگی خۆم | 55 |
| گلەیی و بناشت | 56 |
| کانی بێ سەر و شوێن | 57 |
| لە بەرانبەر نەخشەی کوردستانا | 61 |
| مافی رەنجبەر | 63 |
| مردووت مرێ | 65 |
| یێکەتی | 66 |
| راسپاردەیەك بۆ خاکی نیشتمان | 68 |
| رێگای لێنین بگرە | 70 |
| رەنجبەر | 72 |
| شەڕی شاعیری کورد | 74 |
| وێنەیەکی دڵڕفێن | 77 |
| زایەڵەی دڵەکەم | 80 |
| گامێش خەجێ | 85 |
| تاقەدارەکە | 90 |
| عەقڵم هاوارە ! | 92 |
| قسەی کیژی کورد | 93 |
| بەهاری تاسە و تامەزرۆیی | 98 |